دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٤٤، سێشەممە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٧ی هەتاوی، ١٩ی فێوریەی ٢٠١٩

www.kurdistanmedia.com



بەناوی دەستەی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی کوردستانەوە پڕ بەدڵ بەبۆنەی کرانەوە و دەسپێکی پەخشی ئاسایی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی تیشک، پیرۆزبایی لە سەرجەم گەلی کورد، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، زیندانیانی خۆڕاگری سیاسی و هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات دەکەین؛ هیوادارین کە کرانەوەی دووبارەی تیشک تیڤی وەک دەلاقەیەک بۆ گەیاندنی دەنگی ئازادیخوازی لە کوردستان بتوانێ لە کار و ئەرکە دژوارەکانی سەرکەوتوو بێت.

دەستەی بەڕێوەبەریی ڕۆژنامەی کوردستان



زمانی دایکی و سایکولۆژیی پێوەندی

٥



لەخۆ نکۆڵییەوە بۆ لەناوهێنانی نەتەوەی سەردەست

٧



کورتە وتارێک لەسەر چل ساڵ پەروەردەی...

٩



دوو وتووێژی کوردستان

١٠

# گلێنەی ڕۆژهەڵات TISHK TV




به "تیشک"ێک لە هەتاوی ئاوات و ئارمانجەکانی نەتەوەیەک، هەوڵی دڕدان بە تاریکیی داسەپاو بەسەر نیشتمانەکەماندا دەدین.
بە هەوێنی تیشکی کوردستانییەوە،
نان بۆ خۆشەویستیی نیشتمان و ئۆگریی ئازادی و خولیای دادپەروەری و یەکسانی دەکەینەوە؛
وەرز، وەرزی ڕاسان و ڕسکانەوەیە.
ئۆگران و بینەرانی خۆشەویستی کاناڵی تەلەفزیۆنی تیشک ئاگادارتان دەکەینەوە کە تا ماوەیەکی دیکە پەخشی ئاسایی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنەکەتان لە سەر ئەم فڕیکانسەدا دەس پێدەکاتەوە:

YAHSAT MHZ / V ١٢٥٩٤ SR:٢٧٥٠٠ - FEC:٢/٣

# ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات: ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بەسەرچووە




لە بەرەبەری ٤٠ ساڵەی بەتاڵان بردنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، ناوەندی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕاگەیەندراوێکی بلاو کردەوە و تێیدا باسی لەوە کرد کە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بەسەرچووە، یان دەبێ بڕوا و ببێتە مێژوو یان دەبێ ئاڵوگۆڕێکی وەها قووڵ و بنەڕەتی لە خۆیدا پێکبێنێ کە نەناسرێتەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

کۆماری ئیسلامی لە چل ساڵەی دەسەڵاتداریی خۆی دا

ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت و کۆتایی بە سیستمی پاشایەتی و دیکتاتوریی پێنج دەیەی بنەماڵەی پەهلەوی لە ئێراندا هێنا.

محەممەدڕەزاشای لەخۆبایی بەهۆی بەرتەسکردنەوە و سەرکوتی ئازادیی سیاسی و زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدامی ئازادیخوازانی ئێرانی، پەرەسەندنی گەندەڵی و بە ڕەچاوکردنی سیاسەتی ناسیۆنالیستی مەزنخوازی و هەڵاواردن بەتایبەتی بەرامبەر بە گەلانی ستەملێکراوی ئێران، بەستێنی ناڕەزایەتی و ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بەدژی دەسەڵاتە سەرەڕۆکەی خۆش کردبوو.

شا زۆری پێچوو هەتا "دەنگی شۆڕشی خەڵکی بیست" و لە کاتی خۆیدا وڵامی گونجاوی بە داخوازەکانی خەڵک نەدایەوە و چەند جاریش کابینەی دەوڵەتی گۆڕی، بەڵام ئیدی درەنگ ببوو و شۆڕش پێشی پێنەدەگیرا.

تەنانەت کۆمەڵێک دەسکەوت و پێشکەوتن لە هێندێک بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەرزبوونەوەی ڕێژەیی ئاستی ژیانی خەڵکیش، نەیانتوانی پێش بە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی بگرن.

هۆکارە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی سەرهەڵدان و بە ئاکام گەیشتنی شورشی ٥٧ بەدژی دەسەڵاتی محەممەدڕەزاشا لەباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە زۆر و جۆراوجۆرن، بەڵام دەکرێ وەک سەرەکی و یەکلاکەرەوەترینیان ئاماژە بە حاکمییەتی دیکتاتۆری و داخرانی کەشی سیاسی، سەرکوت و پێشێلکردنی ماف و ئازادیی گەلانی ژێرستەم، گەندەڵی لە ساختاری نیزامەکە و ئازادنەبوونی ئەحزابی سیاسی بکەین کە بەیەکەوە ببوون بە کۆسپی دابینبوونی دێموکراسی و بەشداری هاووڵاتیان و گەشەی سیاسی و خەڵکیان لە تەمابڕاویی و بێ دەرەتانیدا هان دا لە ڕزگاریدەرێک بگەڕێن.

هەموو ئەوانە لەگەڵ ئامادەنەبوون و بێ بەرنامەیی ئۆپۆزسیونی نامەزهەبی، خەڵکی وەزاڵەهاتوویان بەرەو بیروباوەڕی مەزهەبیی کۆنەپەرستانەی آیت الله "روح الله خمینی" و هاوبیرانی پاڵ پێوەنا.

لە ئاکامی ئەو بارودۆخەدا بوو کە دەرفەت بۆ "آیت الله خمینی" و لایەنگرانی ڕەخسا کە بە کەڵکوەرگرتنی خراپ لە هەستی ئایینی و ئایینزایی خەڵک بە سەر شەپۆلی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکدا زاڵ بن، شۆڕشەکە بەلاڕێدابەرن، بەرەبەرە بەتەواوی دەست بە سەر دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینەکەدا بگرن، ئەو بڕە ئازادییەش کە هەبوو لە خەڵکی زەوت بکەن و ئیستبدادێکی ڕەشی مەزهەبی- ناسیۆنالیستی بەسەر خەڵکانی ئێراندا بسەپێنن.

لە ڕاستیدا، دوای سەرکەوتنی خەڵک، "روحانیون" بە ڕێبەریی خومەینی بە کودتا جیابیران و دژبەرانی خۆیان وەلا نا و مۆری "ئیسلامی"یان بە شۆڕشەکەوە نا و دەسەڵاتی وڵاتیان خستە ژێر پاوانی خۆیانەوە.

"آیت الله خمینی" ئەو کاتەی لە پاریس بوو، زۆر بەڵێنی دان: قەرار بوو ئازادی لە ئێراندا دابین بکرێ، پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بە مافە ڕەواکانیان بگەن، دەسەڵات لە خەڵکەوە سەرچاوە بگرێ و "پێوەر دەنگی خەڵک بێ"، زوڵم و زۆر و هەڵاواردن نەمێنێ، "ئاو و بەرق و ئوتوبووس" بە خۆڕایی بێ، گەندەڵی بنەبڕ بکرێ، پارەی نەوت بێتە سەر سفرەی خەڵک و زۆر شتی لەو بابەتە.

بەڵام کاتێک بە دەسەڵات گەیشت، هەنگاو بە هەنگاو حاکمییەتی "ولایت مطلقه فقیه"ی داسەپاند: بە ناوی ئیسلام هەموو ئازادییە دێموکراتیکەکانی خەڵک پێشێل کران، جیابیران و ئۆپۆزسیۆن سەرکوت کران، ژنان لەژێر دروشمی "یا روسری یا توسری" لە مافە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکانیان بێبەش کران. تێرۆریزمی دەوڵەتی بوو بە شتێکی دانەبڕاو لە سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی کۆماری ئیسلامی.

دەسەڵاتبەدەستانی نوێ نەک هەر ئامادە نەبوون سەرەتاییترین ماف بۆ گەلانی بندەست لە ئێراندا بسەلمێنن، بەڵکوو دوای چەند جار وتووێژ لەنێوان کوردستان و حکوومەتدا، خومەینی لە یەکەم دەرفەتدا فەرمانی جیهاد و هێرش بۆ سەر کوردستانی دەرکرد و سەرکوتی سیستماتیک و قەڵاچۆی کورد و میلیتاریزەکردن و وێرانکردنی کوردستان دەستی پێکرد.

لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا کورد بەگشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی، قوربانیی سەرەکی تێروریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی بووە. دەسەڵاتی تازەپێگەیشتوو شەڕێکی خوێناوی و هەمەلایەنەی بەسەر کورددا سەپاند کە هەتا ئێستاش هەر درێژەی هەیە!

شۆڕشی گەلانی ئێران بەدژی دیکتاتۆری و زوڵم و زۆری حکوومەتی سەرکەوت، بەڵام ئامانجەکانی کە بریتی بوون لە وەدیهێنانی ئازادی و دێموکراسی، ڕزگاریی لە چنگ سەرکوت و زۆرداری و هەڵاواردن و نەهێشتنی گەندەڵی و بێعەداڵەتی، نەپێکا و "بەهاری ئازادی" ئێران زۆری نەخایاند.

کولتووری ئیستبدادی بە دەستلێنەدراوی مایەوە و دیکتاتوری و ئیستبدادێکی سیاسی- مەزهەبی چەندهێندە ترسناکتر و داپڵۆسێنەرتری بەرهەم هێنایەوە کە ئەوە چل ساڵە باڵی بەسەر ئێراندا کێشاوە و گەلانی ئێران بە دەستییەوە دەناڵێن.

جێی خۆیەتی هەموولایەک، بەتایبەتی ئەو بەشە لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی کە خۆی بە دێموکرات دەزانێ، شۆڕشی ئێران و ئاکامەکانی بکا بە ئەزموون و دەرسێکی بەنرخ کە خەبات دژی دیکتاتوری جیاوازە لە خەبات بە دژی ئیستبداد. خەبات دژی دیکتاتوری و ڕووخاندنی دیکتاتور بەشێوەی ئۆتۆماتیک بە مانای خاشەبڕکردنی دیکتاتوری و وەدیهاتنی ئازادی و دێموکراسی نییە. شۆڕشێک دەتوانێ ئازادی و دێموکراسی بۆ خەڵک بە دیاری بێنێ کە خۆی ماهییەتەن دێموکراتیک بێ و دژی ئیستبداد و کولتووری ئیستبدادی خەبات بکا.

ئەورۆ لەکاتێکدا یادی چلەمین ساڵی سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ دەکەینەوە کە کۆماری ئیسلامی لە هەموو بوارێکدا، لە سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەیدا، بەرەوڕووی گەورەترین و پڕمەترسیترین قەیرانی مێژووی خۆی بۆتەوە.

کۆماری ئیسلامی ڕەوایی خۆی لە دەست داوە و تووشی قەیرانی حاکمییەت هاتووە: درزی نێوان خەڵک و حکوومەت بەردەوام قووڵتر دەبێتەوە، ئیدئۆلۆژی و ئۆتۆریتەی مەعنەویی حکوومەت ئیدی توانای قانعکردن و جووڵاندنی کۆمەڵگای نەماوە و بۆ هێمنکردنەوە یان وڵامدانەوە بە داخوازەکانی خەڵک ڕێگاچارە تەنیا لە توندوتیژی و سەرکوتی زیاتردا دەبینێ.

لە ئاکامی بێبەرنامەیی و بێتوانایی لە چارەسەرکردنی قەیرانەکان، دووبەرەکی نێوخۆی حاکمییەت ڕۆژبەڕۆژ زەقتر و ئاشکراتر خۆی دەنوێنێ.

قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەردەوام گەورەتر دەبێتەوە و ئەبعادی ترسناکتر بەخۆیەوە دەگرێ: دابەزینی بێوێنەی نرخی دراوی وڵات، گرانی ڕۆژبەڕۆژ، گەندەڵی و دزیی کاربەدەستانی حکوومەتی، بێکاری و هەژاری بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر پەرەیان ئەستاندووە و ژیانیان بە خەڵکی ئێران تاڵ کردووە.

سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا و دەرچوونی کۆمپانیا و سەرمایەگوزارانی بیانی لە ئێران، ئابووریی شپرزەی وڵاتیان گەیاندۆتە لێواری داڕمانی یەکجاری. ڕێبەرانی ڕێژیم هەرکەسە لە بیری تاڵانی وڵات و بردنە دەرەوەی سامانی خۆیدایە. سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئابووریی مەجلیس سەرەتای مانگی خاکەلێوە درکاندی کە تەنیا لە سێ مانگی دوایی ساڵی ١٣٩٦دا ٣٠ میلیارد دۆلار ئەرز گوازراوەتەوە بۆ دەرەوەی وڵات. ڕوون نییە ئەو پارە زۆرە کێ دزیویەتی و چۆن ڕاگوێزراوە؟!

بەپێی ڕاپۆرتی "ڕێکخراوی شەفافیەتی نێونەتەوەیی" Transparency International سەبارەت بە گەندەڵی، ئێران لەباری شەفافییەتەوە لە بەینی ١٨٠ وڵاتدا کەوتۆتە پلەی ١٣٨، واتە گەندەڵی لە ئێران بەنیسبەت ساڵی پێشوو پەرەی زیاتری سەندووە و ئاستی شەفافییەت لە کاری حکوومەتیدا هەشت پلەی دیکە دابەزیوە (لە ١٣٠وە بۆ ١٣٨)!

گرانی و بێکاری و هەژاریی لەلایەک و داماویی ڕێژیم لە دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی خەڵک لە لایەکی دیکەوە، کۆمەڵگای ئێرانی تووشی قەیرانی کەموێنەی کۆمەڵایەتی کردووە.

کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی دەرەوەشیدا تووشی شکست و قەیران هاتووە. بەردەوامبوون لە تێرور و پشتیوانی لە تێروریزمی جیهانی، پێشێلکردنی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ، سووربوون لەسەر کارکردن بۆ بەرهەمهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان، پێداگریی لەسەر درێژەدان بە بەرنامەی مووشەکی بالستیکی، درێژەدان بە سیاسەتی دەستێوەردان و ئاژاوەنانەوە بە مەبەستی ناسەقامگیرکردنی وڵاتانی ناوچە، کۆماری ئیسلامییان کردووە بە هەڕەشەیەکی واقعی و پڕمەترسی بۆ ئەمنییەتی جیهانی.

دەبینین کە بە هەموو پێوەرە سەلماوەکان، کۆماری ئیسلامی لە باری سیاسی، ئیدئۆلۆژی، ئابووری و ئەخلاقییەوە ڕێژیمێکی وەرشکستەیە و لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەر دێ و زیاتر تەریک دەکەوێتەوە.

ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بەسەرچووە، یان دەبێ بڕوا و ببێتە مێژوو یان دەبێ ئاڵوگۆڕێکی وەها قووڵ و بنەڕەتی لە خۆیدا پێکبێنێ کە نەناسرێتەوە، بەڵام ڕێژیم لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا سەلماندوویە کە ڕیفۆرمەهەڵگر نییە و توانا و زەرفییەتی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە خۆیدا نییە. کۆماری ئیسلامی لە هەڵەکانی شا دەرسی وەرنەگرت و ئیدی درزی نێوان خەڵک و حاکمییەتی پێ پڕ نابێتەوە.

بەو هیوایە کە چارەنووسی شۆڕشی ٥٧ ببێتە ئەزموون بۆ ئۆپۆزسیونی ناوەندی و هەتا درەنگ نەبووە خۆی لە داوی ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگ و سیاسەتی نکۆڵیکردن لە بوونی نەتەوە بندەستەکان لە ئێراندا ڕزگار بکا و بە دڵاوایی سیاسییەوە بۆ دروستکردنی ئاڵترناتیڤێکی دێموکراتیک و دژەئیستبدادی هەوڵ بدا، ئاڵترناتیڤێک کە ڕەنگدانەوەی واقعییەتەکانی فرەنەتەوەبوونی ئێران بێ و نوێنەرانی هەموو نەتەوەکانی نیشتەجێ لە ئێرانی تێیدا بەشدار بن.

حیزبە کوردستانییەکانیش دەبێ بزانن کە تەنیا بەیەکەوە و بە هێزی یەکگرتوویانەوە دەتوانن بە وەزنی خۆیانەوە ببن بە بەشێکی کاریگەر لە وەها ئاڵترناتیڤێکدا و لە دوای کۆماری ئیسلامی، ماف وئازادی بۆ گەلەکەیان دابین و دەستەبەر بکەن.

تەنیا دامەزراندن و ئیستقراری سیستمێکی دێموکراتیک و سێکۆلار و فیدراڵ دەتوانێ مافەکانی پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئێران دابین بکا و تەبایی و یەکێتی دڵخوازانەی گەلانی ئێران دەستەبەر بکا و ئێران بەرەو ئازادی و دێموکراسی بەرێ.

بە هیوای یەکڕیزی و یەکگرتوویی گەلانی ئێران بۆ دامەزراندنی نیزامێکی دێموکراتیک و فیدراڵ لە ئێرانی داهاتوودا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی سیاسی**

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران: ڕێژیمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی هیچکات نەیتوانیوە و ناتوانێ بزووتنەوەی کوردستان بە چۆکدا بێنێ

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

لە بەرەبەری هاتنی ٢٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بەدژی سیستمی سەرەڕۆی پاشایەتی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٢ی ڕێبەندان

خەڵکی خۆڕاگر و خاوەن هەڵوێستی کوردستان

گەلانی ژێرستەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران

چل ساڵ لەوە پێش و لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی١٣٥٧ی هەتاویدا شۆڕشی پڕشکۆی گەلانی ئێران بە سەر دەسەڵاتی ستەمکارانەی ڕێژیمی پاشایەتی پەهلەویدا سەرکەوت. ئەو شۆڕشە گەورەیە کە بە خوێن و قوربانیی هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانی ئەو وڵاتە سەرکەوتبوو هەر زوو لە لایەن خومەینی و لایەنگرەکانییەوە دەستی بە سەردا گیرا و لەم چل ساڵەدا بە سەپاندنی ڕێژیمێکی دواکەوتووانەی مەزهەبی وڵاتی ئێرانیان بە ئاقارێکدا برد کە هاوشێوەی مەگەر لە دەسەڵاتی سەدەکانی ناوەڕاست و جینایەتەکانی ئەم چەند ساڵەی داعشدا دیترابێ.

ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای کارەوە بە مەبەستی قایمکردنی دەسەڵاتی خۆی بە سەپاندنی دۆخێکی ئەمنیەتی بە سەر ئێراندا دەستی دایە گرتن و کوشتن و تیرۆر و ئێعدامی ئەندامانی ئەو هێز و لایەنانەی کە وەکوو ئەوان بیریان نەدەکردەوە و لەهەمان کاتدا بۆ سەپاندنی زیاتری دەسەڵاتی خۆی تەنانەت دەستی لە کوشتن و ئێعدامی خەڵکی ئاسایی نەپاراست.

بە چاوخشاندنێکی سەرەپێیی بە سەر کارنامەی چل ساڵ دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی ئێران بەروونی دەردەکەوێ کە ئەم ڕێژیمە هەر لە سەرەتاوە بە کۆکوژی، داگیرکاری ماڵ و سامانی کاربەدەستانی پێشوو و تەنانەت خەڵکی ناڕازی دواتر هێرش بۆ سەر کوردستان و باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران و درێژەدانی شەڕی وێرانکارانەی ئێران و عێراق کە هەشت ساڵی خایاند وهەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکان وسەرکوتی جیابیران و موخالیفان بە توندترین شێوە، زۆرترین خەساری بە گەلانی ئێران گەیاند.

گەلی کورد کە هاوشانی گەلانی دیکە و ئازادیخوازانی ئێران لە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو، چاوەڕێی ئەوە بوون کە پاش نەمانی دەسەڵاتی پەهلەوی بە مافەکانی خۆی بگا، بەڵام ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی تاران داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانی بە پەلاماری هەمەچەشن و کۆمەڵکوژی و بۆمبارانی شار و وێران کردنی گوندەکانی کوردستان وڵام دایەوە. ڕێژیمی ئیسلامیی تاران لە سەرەتاوە بە فەرمانی خومەینی سەرەڕای هەوڵە ئاشتیخوازانەکانی ڕێبەرانی کورد ئاوری شەڕێکی ماڵوێرانکەری لە کوردستان داگیرساند کە هەموو بوارەکانی سیاسی، نیزامی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی گرتەوە و هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە.

لە بواری سیاسیدا لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە داخوازییەکانی گەلی کورد هیچکات وڵامێکی ئەرێنیی پێ نەدرایەوە و بەسەپاندنی دۆخێکی پادگانی بە سەر کوردستاندا بە درێژایی ئەم چل ساڵە لە هەوڵی کپ کردنی دەنگی ئازادیخوازی لە کوردستاندا بەردەوام بووە، بەڵام ئەم ڕێژیمە سەرەڕای هەموو ئەو گرتن و ئێعدام و تیرۆرە و کۆمەڵکوژییەی کە لە کوردستاندا کردوویەتی هیچکات نەیتوانیوە بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و مافخوازانەی کوردستان لە ناوببات. هەر بۆیە جێی خۆیەتی لەم کاتەدا وێڕای ڕێز، سڵاو بنێرین بۆ خەباتی نەپساوە و کۆڵنەدەرانەی خەڵکی کوردستان و تێکۆشەرانی سیاسی ئەم گەلە کە سەرەڕای قوربانی زۆر و تێچووی قورس هێشتا هەر لە سەر خەباتی خۆیان تا گەیشتن بە مافەکانیان پێداگرن.

خەڵکی خاوەن هەڵوێستی کوردستان، بێ گومان وەک باس کرا ڕێژیمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی سەرەڕای زاڵ کردنی ئەو دۆخە ئەمنیەتی و پادگانییە بە سەر کوردستاندا هیچکات نەیتوانیوە و ناتوانێ لەو ڕێگایەوە بزووتنەوەی کوردستان بە چۆکدا بێنێ و تووشی شکستی بکات بەڵام لە هەندێ ڕێگای دیکەوە لە هەوڵە دزێوەکانی خۆی بەردەوامە کە دەبێ هەموو چین و توێژەکانی کوردستان زۆر بە وریاییەوە ڕووبەڕووی ببنەوە.

یەکێک لەو ڕێگا دزێوانە، کە لەم دواییانەدا پتر بەرجەستە بۆتەوە دەست بردنی کۆماری ئیسلامی و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ئەو ڕێژیمە بۆ تێکدان و گۆڕینی دێموگرافیای کوردستانە. بە جۆرێک کە کۆماری ئیسلامی جگە لە جێگیرکردنی دەستوپێوەندییەکانی خۆی لە ناوەندە نیزامی و ئینتزامییەکان بە هێنان و ئاسانکاری و دانی ئیمتیازی جۆربەجۆر هانی خەڵکی غەیرە کورد دەدا کە بە هاتنیان بۆ کوردستان موڵک و زەوی و زاری کوردەکان بکڕن و لەوێ نیشتەجێ ببن، هەر بۆیە خەڵکی خۆڕاگری کوردستان هەر وەکی لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بە خۆڕاگری توانیوتانە بە گژ پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بچنەوە و پوچەڵیان بکەنەوە چاوەڕوانی ئەوەمان هەیە بە یەکگرتوویی وتەبایی، پیلانی ئەوجارەی ڕێژیم بکەنە بڵقی سەرئاو و ئیزن مەدەن لەژێر ناو وعینوانی جۆراجۆردا دێموگرافی کوردستان بگۆڕێ، داوا لە خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان دەکەین بە هیچ شێوەیەک ماڵ و مڵک و زەوی و زاری خۆیان بە خەڵکی غەیرە کورد نەفرۆشن.

هاونیشتمانیانی بەڕێز هەروەک ئاگادارن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە گرتنەبەری سیاسەتی تێکدەرانەی خۆی و بەتایبەت دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچەکە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر رووی دژێوی بۆ وڵاتانی جیهان و بەتایبەتی دەوڵەتانی خاوەن بڕیار دەرکەوتووە، هەر بۆیە ڕێژیمێکی وەها ناتوانێ بەو شێوەیە درێژە بە تەمەنی دەسەڵاتداری خۆی بدا و پێویستە خەڵکی کوردستان هەروا خۆڕاگرانە و بە یەکگرتوویی هەرچی زیاترەوە تا گەیشتن بە مافەکانیان درێژە بە خەباتی خۆیان بە دژی کۆماری ئیسلامی بدەن ولە هەموو هەل وفورسەتی بەردەست کەڵک وەربگرن بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد و لە هەلومەرجی ئیستادا کە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە ئاقاری چارەنوسێکی نادیاردا دەڕوا، داوا لەو کەسانە دەکەین کە بە هەر جۆرێک ولە ژێر هەر ناوێک فریوی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی دوژمنیان خواردووە و دژ بە بزووتنەوەی کوردستان هەڵسوکەوتیان کردووە، واز لەو کارە بێنن و بگەڕێنەوە ناو ریزەکانی خەڵکی کوردستان .

سەرکەوتن بۆ بزووتنەوەی حەقخوازانەی کوردستان

**یەکگرتوو و بەرفراوان بێ خەبات و بەرخۆدان**
**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٧**

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران نامەیەکی بۆ ڕێکخراوی یوونسکۆ نارد

United Nations
Educational, Scientific and
Cultural Organization

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، لە نامەیەکدا بۆ ڕێکخراوی یوونسکۆ (UNESCO)، داوای لەو ڕێکخراوەیە کرد، چاوەدێرییەکی چالاکانە بە سەر هەڵسوکەوت و سیاسەتی کاولکارانەی ڕێژیمی ئێران بکەن و هەوڵ بدەن گوشار بخەنە سەر ڕێژیم بۆ ئەوەی کە پێبەند بە یاسا و پرەنسیپەکانی ئەو ڕێکخراوەیە بێت.

دەقی نامەکە بەم چەشنەیە:

بەڕێز ڕێکخراوی پەروەردەیی، زانستی و کولتووریی نەتەوە یەکگرتووەکان (یوونسکۆ)

سڵاو و ڕێز

ئێمە وەکوو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەندامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، لە بەرەبەری ٢١ی فێورییە (ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی)دا بە پێویستمان زانی، لە دووتوێی ئەم نامەیەدا بەڕێزتان لە بارودۆخی نالەباری زمانی دایکیی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران ئاگادار بکەینەوە و داواتان لێ بکەین وەکوو ئۆرگانێکی بەرپرسیار لەو پێوەندییەدا گوشار بخەنە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەوەی کە کۆتایی بەو ستەم و هەڵاواردنە بێنێت، کە بە هۆی سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە بەسەر کولتوور و شوناس و زمانی دایکیی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێراندا هاتووە.

ئێران وڵاتێکی فرەکولتوور و فرەنەتەوەیە کە هەرکام لە نەتەوەکانی پێکهێنەری ئەم وڵاتە خاوەنی زمان و شوناسی جیاوازی خۆیانن. بەپێی یاسا نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ، ئاخێوەرانی هەر زمانێک مافی خۆیانە کە بە زمانی دایکیی خۆیان بخوێنن و کولتوور و زمانی خۆیان بپارێزن و پەرەی پێ بدەن. هەروەک دەزانن، ئەو مافە لە ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافە زمانییەکان، جاڕنامەی زمانی دایکیی ڕێکخراوی یوونسکۆ، پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵانیشدا هاتووە. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هەموو ئەو پەیماننامە نێونەتەوەییانەی واژۆ کردووە و لە ڕێکخراوەکانی پێوەندیدار بەو بەڵگەنامانە و یەک لەوانەش یوونسکۆدا ئەندامە.

بەپێی مادەی ٩ی یاسای مەدەنیی ئێران، ئەو بەڵگەنامانە دەبێ وەکوو یاسا پەسەندکراوەکانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامیی ئێران کاریان پێ بکرێت. بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران بەپێچەوانەی بەرپرسیارێتییەک کە واژۆکردنی ئەو بەڵگەنامانە دەیخاتە ئەستۆی، نەک هەر هیچ هەنگاوێکی بۆ جێبەجێکردنیانی هەڵ نەگرتووە، بەڵکوو بەپێی ئەسڵی ١٥ی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیم، زمانی فارسی وەکوو تاقە زمانی فەرمیی وڵات دەناسێت و بە کردەوەش پرسی خوێندن بە زمانی دایکیی نەتەوە نافارسەکانی ئێران (کە زیاتر لە نێوەی حەشیمەتی ئێران پێک دەهێنن) وەکوو هەڕەشەیەک بۆ سەر تەناهیی نیشتمانی و یەکپارچەیی وڵات پێناسە دەکات و ئامادە نییە، دان بە مافە زمانییەکانی ئەو نەتەوانە و یەک لەوانە نەتەوەی کورد لە ئێران و ناوچەکانی کوردستانی ئێراندا بنێت.

لەو پێوەندییەدا ڕێژیمی ئێستەی ئێران بە درێژەدانی سیاسەتەکانی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی، ئاسیمیلاسیۆنی زمانی و سڕینەوە و سووکایەتی بە کولتوور و شوناسی بەشێکی زۆر لە نەتەوەکانی ئێران، گۆڕینی دێمۆگرافی و تواندنەوەی زمانی کوردی و زمانی نەتەوە ستەملێکراوەکانی دیکەی لە نێو زمانی نەتەوەی باڵادەستدا گرتووەتە پێش و سەرمایەکانی وڵاتی خستووەتە خزمەت سیاسەتی تواندنەوەی کولتوور و شوناسی ئەو نەتەوانە. چالاکانی کولتووری و زمانیی کورد، کە بە شێوەی خۆبەخشانە هەوڵ دەدەن خولی فێرکردنی زمانی دایکی بۆ ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوە ستەملێکراوە بەڕێوە ببەن، لەگەڵ بەربەستی جۆراوجۆر لە لایەن دامودەزگا حکوومەتییەکانەوە بەرەوڕوو دەبن و حکوومەت مۆرکی تاوانی ئەمنییەتی لە چالاکییە مافخوازانەکانیان دەدات.

ئێمە وەکوو حیزب و ڕێکخراوەکانی ئەندام لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا، کە بۆ وەدیهێنانی مافە سیاسی و مرۆییەکانی نەتەوەی ستەملێکراوی کورد لە کوردستانی ئێراندا خەبات دەکەین، داواتان لێ دەکەین چاوەدێرییەکی چالاکانە بەسەر هەڵسوکەوت و سیاسەتی کاولکارانەی ڕێژیمی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ ئەم بابەتەدا بکەن و هەوڵ بدەن گوشار بخەنە سەر ڕێژیم بۆ ئەوەی کە پێبەندیی خۆی بە یاسا و پرەنسیپەکانی ڕێکخراوی ئێوە و ڕێککەوتنە نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە زمانی دایکی، کە بۆ خۆی واژۆی کردوون، بە کردەوە بسەلمێنێت و کۆتایی بە ستەم و سەرکوت و هەڵاواردن لە دژی کولتوور و زمانی دایکیی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بهێنێت.

لەگەڵ ڕێزماندا

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**ژانویەی ٢٠١٩ی زایینی**

# شاندێکی حیزبی دێموکرات سەردانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانی کرد



شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستاندا بەشداری کرد.

ڕۆژی چوارشەممە، ١٧ی ڕێبەندان، بە بۆنەی ٢٥مین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی "تەیموور مستەفایی"، ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزب، سەردانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیان لە هەولێر کرد.

شاندی حیزب بەو بۆنەوە پیرۆزباییی حیزبی دێموکراتیان بە سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی ڕاگەیاند.

شاندی حیزب لە لایەن "سەلاحەدین بەهائەدین" ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی ئەو حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا و وێڕای ڕێزێکی تایبەتی بۆ ئەو سەردانە، دوو لایەن جەختیان لەسەر پێوەندی دۆستانەی نێوانیان کردەوە.

# شاندێکی حیزبی دێموکرات لە پرسە و سەرەخۆشیی میرتەحسین بەگ بەشداری کرد



شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی "محەممەدنەزیف قادری"، جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، لە پرسە و سەرەخۆشیی میرتەحسین بەگ، بەشداری کرد.

ڕۆژی چوارشەممە، ١٧ی ڕێبەندان، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەشدارییان لە پرسەی میرتەحسین بەگی ئێزدیدا کرد.

بە بۆنەی کۆچی دوایی "میرتەحسین سەعید عەلی بەگی" ئێزدی، کە میری هەموو ئێزدییەکانی کوردستان و جیهان بوو، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی "محەممەدنەزیف قادری"، جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتیی حیزب، بەشدارییان لە پرسەی میرتەحسین بەگ لە قەزای "شێخان" کرد.

شاندی حیزب بەو بۆنەیەوە پرسە و هاوخەمیی حیزبی دێموکراتیان بە بنەماڵەی کۆچ کردوو و "بابا شێخ" سەرۆکی جڤاتی ڕۆحانی ئێزدییەکان گەیاند.

# شاندێکی "بزووتنەوەی ڕزگاری دێموکراتی کوردستان" سەردانی حیزبی دێموکراتیان کرد



لە دیداری نێوان شاندی بزووتنەوەی ڕزگاری دێموکراتی کوردستان و وەفدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سلێمانی سەبارەت بە دۆخی هەنووکەیی کوردستان و دۆخی حیزبەکانی کوردستان ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، سەر لە بەیانی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی ڕێبەندان، وەفدێکی " بزووتنەوەی ڕزگاری دێموکراتی کوردستان"، بە سەرپەرستی بەڕێز کاک " عەبدوڵلا نازەنینی" سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە سەردانی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سلێمانیەیان کرد کە لە لایەن بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە شاری سلێمانی، بەڕێز "ئیسماعیل ڕەحمانی" پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارەدا ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەهەمبەر وەزعیەتی ئێستای کوردستان و هەروەها دۆخی ئەحزابی کوردستانی کرا و هەردوو لایەن بە بایەخەوە باسیان لە پێوەندی و یەکگرتوویی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کرد.

پاش گۆڕینەوە بیروڕا، دوو لایەن پێداگرییان کردەوە لەسەر بەردەوامی و پتەوترکردنی پێوەندییەکان و دواجار شاندی میوان بەڕێزەوە بەرێ کران.

# دەزگای ڕێکخستنی گشتی حیزبی دێموکرات دوو سێمیناری سەبارەت بە ٤٠ ساڵەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە برد




دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سێمینارێکی تایبەتی بۆ هەر یەک لە بەڕێزان "کاوە بەهرامی"، ئەندامی دەستەی کارگێری و بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی و "دارا ناتق" جێگری دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزب سەبارەت بە ٤٠ ساڵەی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بەڕێوە برد.

ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی ١٨ی ڕێبەندانی ١٣٩٧ی هەتاوی، دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزب، سێمینارێکی تایبەتی سەبارەت بە چل ساڵەی تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەندامانی حیزب لە یەکێک لە بنکەکانی حیزب لە کەمپی ئازادی بەڕێوە برد.

سێمینارەکە بە بەشداری هەر یەک لە ئەندامانی حیزب سەر بە کۆمیتەکانی زاگرۆس، ئازادی و کۆیە، کۆمیتەی یەکیەتی ژنان و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئازادی بەڕێوە چوو.

هەروەها لە ٤٠ ساڵەی شۆڕشی گەلانی ئێراندا و ساڵڕۆژی بە تاڵانبرانی ئامانجەکانی شۆڕش، دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی هەینی ٢٦ی ڕێبەندان، سێمینارێکی بۆ ئەندامانی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب لە شاری هەولێر بەڕێوە برد کە تێیدا هەریەك لە بەڕێزان "تەیموور مستەفایی" ئەندامی ناوەندیی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەڕێز "محەممەد ساڵح قادری" بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە شاری هەولێر، بابەتیان پێشکەش کرد.

# هەڵوێستی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان ئێران سەبارەت بە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی وەرشۆ

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران




ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە دووتوێی ڕاگەیەندراوێکدا هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی وەرشۆ دەربڕی.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم شێوەی خوارەیەوە:

"هەڵوێستی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە کۆنفرانسی وەرشۆ"

بۆ سەرنجی بیروڕای گشتیی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی ڕێکخەر و بەشداری ئەم کۆنفرانسە

وەک ڕاگەیەندراوە لە ڕۆژەکانی ١٣ و ١٤ی ئەم مانگە (فێوریە) کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بە میوانداریی ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەهستان بۆ تاوتوێ کردنی پرسەکانی پێوەندیدار بە ئاشتی و تەناهی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە وەرشۆ بەڕێوە دەچێ.

بەپێی ئاجێندایەکی نافەرمیی ئەم کۆنفرانسە کە تا ئێستا بڵاو بووەتەوە، بەرنامەی کاری ئەم کۆنفرانسە نێونەتەوەییە بەدەر لە تەوەرە گشتییەکەی زۆر پرسی وەک بارودۆخی سوریە و یەمەن، پەرەپێدانی پرۆگرامی مووشەکی و پشتیوانی لە گرووپە تێرۆریستییەکان دەگرێتە خۆی.

ئەگەر تەنانەت وەک هێندێک بەرپرسی ئامریکایی ڕایانگەیاندووە ئەم کۆنفرانسە بۆ دژایەتیکردنی تەنیا دەوڵەتێکی ناوچەش ڕێک نەخرابێت، لە کۆی جموجۆڵ و هەڵوێستە دیپلۆماتیکەکانی ئەم دواییانە و وردەکاریی پلان و پێکهاتەی ئەم کۆنفرانسەوە دەردەکەوێ کە ڕۆڵی تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامیی لە ناوچەدا بابەتی سەرەکیی ئەم کۆنفرانسە دەبێت.

کۆنفرانسی وەرشۆ لەکاتێکدا بەڕێوە دەچێت کە کۆماری ئیسلامی چلەمین ساڵوەگەڕی هاتنەسەرکاری خۆی تێپەڕ دەکا. چواردەیە حاکمیەتی کۆنەپەرستانە و سەرەڕۆیانەی کۆماری ئیسلامی بۆ گەلانی ئێران و خەڵکی ئەم وڵاتە بە مانای هەڵگرتنی باری قورسی دەرەنجامە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکانی دەیان شەڕ و قەیران و گرژیی نێوخۆیی و دەرەکی؛ سەرکوتی دڕندانەی هێزە سیاسییە نارازییەکان و بژاردە ئازادیخوازەکان و بەفیڕۆچوونی سەروەت و سامانی وڵات لەپێناو بەرژەوەندییەکانی مافیای دەسەڵات و بەرنامە مەزنیخواز و تێکدەرییەکانی ڕێژیم لە ناوچەدا بووە.

لەپێوەندی لەگەڵ پێکهاتە ئێتنیکییەکانی کۆمەڵگای ئێران بەتایبەتی لەگەڵ گەلی کوردیشدا، کۆماری ئیسلامیی لە تەواوی ئەو ماوەیەدا سیاسەتی حاشالێکردن و جیاوازیدانان بەدژی ئەو پێکهاتانەی وەلا نەناوە و داوای مافی ئینسانی و شوناسخوازیی ئەوانی بە توندوتیژترین شێوە داپڵۆسیوە.

سەرەڕای هەوڵی خەڵک لە برگەی جۆربەجۆردا بۆ دروستبوونی ئاڵوگۆڕ و باشکردنی دۆخی ماف و ئازادییەکانیان بە ڕێگای سیاسی و مەدەنی، ماهیەتی کۆماری ئیسلامی پێشی بە چارەسەری کێشەکانی وڵات و کرانەوەی سیاسی گرتووە، هەربۆیە خەڵکی ئێران لە ڕیفۆرمی کۆماری ئیسلامیی بێئومێد بوون و لاچوونی ئەو ڕێژیمەیان دەوێ.

ئەوەش کە سەرەڕای ئێعتراز و هەڵچوونی بێوێنەی خەڵک و فشارە نێودەوڵەتییەکان، کۆماری ئیسلامیی بە هەمان ماهیەت و ڕەفتاری پێشوویەوە تا ئێستا لەسەر کار ماوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو ڕێژیمە جگە لە سەرکوتی توند و مانۆڕە فرتوفێڵاوییەکانی، سوود لە نایەکدەنگی و نایەکگرتوویی لە هەردوو ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی دەبا: لەلایەک، هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم پەرش و بڵاون و تا ئێستا ئاڵتێرناتیڤێکی جیددی بۆ ئەو ڕێژیمە شکڵی نەگرتووە، لەلایەکی دیکەوە جیاوازیی ڕوانین و بۆچوونی نێودەوڵەتی لە چۆنیەتیی مامەڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە قازانجی ئەو ڕێژیمە تەواو بووە.

ئەوە واقیعێکی تاڵ و جێگەی داخی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە کە بۆ کۆنفرانسێک کە لەودا سەبارەت بە ئایندەی وڵاتێکی هەرە گرینگی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست باس و ڕاوێژ دەکرێت، نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵک و پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە ناتوانن بەشدار بن و هیچ جۆرە پرسێکیان پێ ناکرێت. بەوحاڵەش، بەستنی کۆنفرانسی وەرشۆ ئەگەر بەمەبەستی دروستکردنی کۆدەنگیی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا بێت، هەنگاوێکی موسبەتە. هاوکات بەڵام هەنگاوی لەم چەشنە تەنیا کاتێک دەتوانێت بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەبەرهەم بێت و لە بەرژەوەندی خەڵکی ئێران و گەلانی ناوچەدا تەواو بێت کە تەنیا لە ڕەهەندی دەرەکی و لە گۆشەنیگای فایلەکانی ئەمنییەتی ناوچەوە چاو لە ڕەفتاری کۆماری ئیسلامیی نەکرێت، بەڵکوو پرسی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران و ئایندەی دێموکراتیکی ئەو وڵاتە و ڕۆڵ و ڕوانگەی هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران لە پرسی بنیاتنانی ئایندەیەکی سالم بۆ ئەو وڵاتە و بەگشتی بۆ گەلانی ناوچە لەبەرچاو بگیرێت.

نەتەوەی کورد لەگەڵ ئەوەیکە پابەندی بەها شارستانییەکان و ڕۆڵی خۆی لە بەرەنگاربوونەوەی گرووپە تێرۆریستییەکاندا سەلماندووە، بەڵام نە لە ئاستی نێوخۆیی و نە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئاوڕی شیاو لە مەوجودییەتی مێژوویی و ویستە ڕەواکانی نەدراوەتەوە، ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو دەری خستووە کە فاکتەری کوردی لە ناوچەدا ئەگەر پشتیوانیی پێویست و پایەداری لێ بکرێت، نەک هەر بۆ ئایندەی ئەو گەلە بەڵکوو بۆ سەرجەم ئایندەی ناوچە دەتوانێ کارساز و شوێندانەر بێت.

لەو نێوەشدا، بەتایبەتی بزوتنەوەی سیاسی و مەدەنیی کوردستانی ئێران خاوەنی ئەزموون و قابلیەتێکی زۆرە، گەلی کورد کە لەگەڵ هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە شەرعییەتی ئەو ڕێژیمەی ڕەت کردەوە، لە تەواوی ئەو ماوەیەدا بە هەموو شێوازێکی ڕەوا بۆ وەدیهێنانی مافەکانی خۆی وەک بەشێک لە نەتەوەیەکی دابەشکراو و زوڵملێکراو و بۆ درووستکردنی بەستێنێکی تەندروست بۆ پێکەوە ژیان و چارەسەری کێشەکان خەباتی کردووە.

ڕەفتاری بەرپرسیارانەی حکوومەتی ئێران لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە وڵامدەرکردنی ئەو ڕێژیمە لە ئاستی نێوخۆییدا بەستراوەتەوە، کارایی و دێموکراتیک بوونی وەها حکوومەتێکیش بەوە بەستراوەتەوە کە بەڕاستی نوێنەرایەتیی فرەچەشنییەکانی نێو کۆمەڵگای ئێران بکات، هەربۆیە کۆنفرانسی وەرشۆ و بەگشتی سازوکارە نێودەوڵەتییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامیی لە زیمنی ئەوەدا کە دەبێت بەرنامەڕێژیی هەنگاوی بەکردەوە بۆ بەربەستکردنی سیاسەتی تێکدەرانە و تێرۆریستیی ئەو ڕێژیمە لە ناوچەدا لەخۆبگرێت، پێویستە خەڵکی ئێران و هێزەکانی خاوەنی پۆتانسیەلی موسبەت بۆ ئایندەی ئەو وڵاتەش بە بەردەنگ و شەریک وەربگرێت، بۆ ئەوەش کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەبێت لەژێر نەخشەی سیاسیی ئێرانەوە واقعیەتی فرەنەتەوە و فرەچەشنی ئەو وڵاتە ببینێت و دابینبوونی مافی پێکهاتە ئێتنیکییەکانی ئێران وەک بەشێکی بنەڕەتیی پرۆسەی دارشتنەوەی ئایندەی سیاسیی ئەو وڵاتە کە بە بۆچوونی ئێمە لە سیستمێکی دێموکراتیک و فیدراڵدا خۆی دەنوێنێت، بژمێرێ.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١١ی فێوریەی ٢٠١٩**

# زمانی دایکی و سایکولۆژیی پێوەندی




دوکتور ئاوات ساروج

خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی، خەسپەن(ئەرکی)ی تاک و بنەماڵە، جەمگەی گەل و نەتەوەیە کە بناغەی پەروەردەی ئەم زمانە لە بنەماڵە و لە لای دایکەوە دیاری دەکرێ و یەکەمین خوێندنگە و فێرگەی منداڵ وەک فێربوونی زمانی دایکی لە لای دایک ولەناو بنەماڵەیەتی!

لێرەدا ئەگەر بۆ فێربوون و پەروەردەی زمانی دایکی بۆ تاک ئاگادارکردنەوەیەک نەبێت و تەقەلایەک نەکرێ، ئەمە خۆی هۆکاری لانیکەم ١٢ساڵ دواکەوتنی تاک لە بیر،هزر و فێربوونی زمانی دایکییە و دوورکەوتن لە زمانی دایکی وەک فێرنەبوون لەم قۆناخەدا ئەگەری دواکەوتن یاخود کەمتروەرگرتن و فێربوون لە زمانی دووهەمیش دەبێ.

لێرەدا ئەگەر فێربوون و خوێندن بە زمانی دایکی لە بنەماڵەدا، دەست پێ بکرێ و لە قۆتابخانەش بەردەوام بێ وەک دەوڵەمەندترکردنی بازنەی فێربوونی زمانی دایکی لەم دوو قۆناخەدا (بنەماڵە و قۆتابخانە)هۆکاری پێوەندی باشتر لە گەڵ دەوروبەردا و تێگەیشتنی زیاتر لە هەست و بوون و ناسینی بەردەنگدا، لە بواری سایکۆلۆژیدا دەبێ و بناغەی فێربوون و تێگەیشتنی باشتر لە زمانی دووهەم و ....یە .

هەر ئەم زمانەیە(زمانی یەکەم) کە کەسایەتییەک بە تاک ئەدات بۆ پێناسەکردن، هەست، بوون، وره و شێوەی پێوەندی لەگەڵ دونیای بەرانبەردا . تێپەربوونی ئەم دوو قۆناخە بە بناغەگرتنی فێربوونی زمانی دایکی، لە فیربوونی ئەم زمانە و زمانی دووهەمیش بە شێوەی زانستی بێ باندۆڕ نییە و لە دەوڵەمەندبوونی ئاستی خوێندن و زانست لە کۆمەڵگەدا دەورێکی ئەرێنی و بەرچاو ئەبینێ.

مرۆڤ لە چاخی جەنینی (ئاوەلەم)ی، کۆرپەلەدا بە تایبەت لە دوو مانگی ئاخردا بە زمانی دایک، شێوەی ئاخاوتن، پیت و وشەکاندا ئاشنا دەبێ و سەرەتایەک دەبێ بۆ خەزن و وەرگرتن و ڕزکردنی پیت بە پیت و وشە بە وشەی چێندراو لە مێشکیدا کە هەمان وشەگەلێکە کە لە زاری دایکی بیستووە، کەچی دوای لە دایک بوون چەندها پیت و وشە لەم شێوەوە بەم سۆز و سروشتەدا لە دونیای دەوروبەر ببیستێ بۆی خەزن دەکرێ و لە خانەی هەبوون و چێندراو، ڕز و کۆ دەکرێنەوە کە وەک فەرهەنگۆکێکی لێ دێت و کەم کەم بۆ بەکارهێنانیان وەک ئاخاوتن ئاسانکارییە بۆی و خۆی پێ پێناسە دەکات. هەر لەم قۆناخەدا هەتا بەر لە چوون بۆ قوتابخانە و خوێندن، چ وشەگەلێک لەگەڵ سروشتی ژیان و جێی ژیان و کۆمەڵگەی مانەوەی وەک بنەماڵە و بەردەنگدا بە زارهێنانی ئەم زمانە لە هەر وشەیەک ئاسانکاری بۆی دەکرێ و بێژە، بیستن و تەنانەت سروشتی وشەش وەک ڕەنگ، بوون، جوانی و شێوەی داڕشتنیش بۆی کەم کەم ئاسان دەبێ.

لێرە دا لە کاتی خوێندن لە قۆتابخانەدا ئەگەر زمانی دایکی نەخوێندرێ و منداڵ زمانی دڵ، بیر و بیرکردنەوی لە دەست بدا و ئەم پرۆسەیە بەردەوام بێ، ئەم تاکە هەتا ئاستی بەرزی خوێندن بە دوورکەوتنەوە لە زمانی یەکەم کە زمانی دایکییە، لە خوێندن بە زمانی دووهەم و ..... تووشی دووگانەگی و هەروەها بێگانە بوون لە تاک بە تاکی وشەکانی زمانی دووهەم دەبێت و لە سەر ڕەوان و بیرکردنەوە، هەست، پێوەندی و شێوەی ڕەفتاری باندۆڕی خراپ ئەکات و وەک کێشەیەکی سایکۆلۆژی بۆ هەر چەشنە پێوەندییەک لەگەڵ بەردەنگدا ڕووبەڕوو ئەبێ و بە بیرکردنەوە لە زمانی یەکەم، زمانی ماڵەوە کە هەمان زمانی دایکیەتی و چاوخشاندن بە زمانی دووهەم و شێوەی فێربوون و چۆنیەتی و شێوەی وشەکان و بیستن و فێربوون یاخود ئاخاوتنی بە زمانە تازە و بێگانەکەدا، پارادۆکسێک لە چەشنی تووش بوون بە کێشە و قەیرانێک لە هەست و هەبوون و پێوەندیدا بۆی ساز ئەکرێ و تاکێکی نەخۆش، ترسنۆک، گۆشەگیر و نیگەران و ئاڵۆز لە بواری پێوەندیدا بەرهەم ئەهێنێ کە لە دووڕیانی خوێندن و واز هێنان لە خوێندندادەمینیتەوە.

بەتایبەت ئەگەر فێربوونی زمانی دایکی لە بنەماڵەش بە هەر هۆیەک لاواز بووبێ، لە قۆناخی دووهەمدا ئەم لاوازییە لە سەر فێربوون و خوێندن بە زمانی دووهەم بە ئاشکرایی دەرئەکەوێ و لاوازییەکی بەرچاو بە شێوەی فێر بوونەوە نیشان ئەدات.

زماناناسان، بیولۆژیستەکان و بیوسایکولۆژیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئاهەنگ، ڕەنگ، ڕەنگینی، دەنگ، ئاوا و شێوەی دەنگ و بە کارهێنانی وشە لە زمانی دایک و بنەماڵەوە لە سروشتی زمانی دایکەوە تەنانەت لە سەرەتای بوونی منداڵ و لە کاتی کۆرپەلەیی (جەنینی) بە منداڵ ئەگات .

لێرەدا بەشێک لەو میراتە کە منداڵ وەری گرتووە وەک تووشەیەک لە زمانی دایکی دێتە ئەژمارکردن و بە بناخەی تێگەیشتنی منداڵ پێناسە ئەکرێ کە باشتر و ئاسانتر لە زمانی دایک و بنەماڵە تێدەگات. دەبینین کە ئەم تاکە هەر لە منداڵییەوە زمانی دایکیی لە بواری بە کارهێنانی هەر وشە، هەڵسوکەوت، ژیان و ڕەفتار، بەردەنگ و سروشتی ژیان، وەک بناخە و نرخێک بە واتای هەبوون بە منداڵبوونی ئەدات و دەرئەخات کە منداڵ چاو و دڵکراوە بێت و لە ماڵی دووهەم وەک قوتابخانە وکۆمەڵگادا باشتر و ئامادەتر خۆی ببینێتەوە .

دەگوترێ زمانی دایکی پێشنیازی گەشەی ئاڵۆز، بیر، هزر، وره و پێناسەی تاکە ، لێرەدا زمان لە لای تاک بە نرخ ئەبێ و زمانی منداڵی کە سەرەتای پێناسەکردنی زمانی دایکە، کە پڕە لە ترس، ئاڵۆزی ، شێوەی هەست ، بینین ، خەیاڵ و بیرکردنەوە کە ئەم تاکە شایستەیە کە لە منداڵییەوە بەم زمانە لەگەڵیدا بدوێن تا ترس و ئاڵۆزی، سەرلێشواوی بۆی ساز نەکرێ و لە دووڕیانی فێربووندا قەرار نەگرێ.

زمانی منداڵ هەمان زمانی دایکییە و گەشەی مێشک و هەست و عاتفەی منداڵیش لە ساڵانی یەکەمی ژیان واتە هەتا پێش قۆناخی گەیشتن بە قۆتابخانە ، نەتیجەی کەڵکوەرگرتن لە زمانی دایکییە .یەکەمین هاوتاسازین و ماناکردن، تێگەیشتن و پێوەندی لەگەڵ بەردەنگ و دونیای دەوروبەردا لای منداڵ هەر لە دونیای خۆی، بنەماڵە و کۆمەڵگەدا لە سەر ئەساسی زمانی دایکی دەبیندرێ و ئەمەش هەوڵین ئەزموونی هەست و ناسینی خۆی و دونیای دەوروبەری بە زمانی دایکی پیشان ئەدات

بیرو باوەڕ ،ئایین ،کەلتور و ...بە زمانی دایکی دڵگیرتر و سۆزدارتر ئەبێ هەتا باشتر ئاوێتەی هەست ، خەیاڵ ،عاتفە و تێگەیشتن بێت و هەڵسەنگاندنیش بە زمانی دایکی ئەبێ و لە سەر ئەساسی ئەم بۆچوونە بۆهەر کەس و تاکێک لە کۆمەڵگەی پێوەندیدار بە زمان ، ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەوە ، باشترین گۆرانی ، لایەلایە و سۆزی خوێندن و دەنگی دایک ، پرسەو شین، ڕێنمایی، پەندی بەنرخی ژیان و ... هەموو ئەو وشە و سروشت و بابەتانەن کە بە زمای دایکی سازکراون و بۆ تاک، وەرگرتن و هەست پێکردنیان ئاسانتر و ماناکراوتر دەبێ.

هەتا زیاتر بە زمانی دایکی قسە بکرێ و بخوێندرێ پێوەندی لە نێوانی دڵ، مێشک و زمان باشتر ساز ئەبێ و قسە کردن بە زمانی دایک بە مرۆڤ شەهامەت و ورەیەکی تایبەت ئەدات و ئەم تاکە هەست بە ئارامش و ڕۆحیەیەکی ئەرێنی ئەکات .

هەر تاکێک بەتایبەت لە منداڵیدا لە ڕێگەی زمانی دایکییەوە لەگەڵ بنەماڵە، خزم و دونیای دەرەوەی خۆیدا، لەگەڵ فەرهەنگ، مێژوو، شوناس و تەنانەت باوەڕیی خۆیدا، پێوەندی دەگرێ کەچی ئەگەرئەم زمانەی لێ بگری و زمانی دووهەم جێگرەوەی زمانی یەکەمی (دایکی)بکرێ هەموو ئەم پێناسە و تێگەیشتنە وەک پێوەندی لەگەڵ بەردەنگدا بۆی ئاڵۆز ئەبێ و هەمان ڕەوانی ئاڵۆز و ناکۆکی بۆ هەست و بوون بۆی ساز ئەبێ و لە دووڕیان و قەیرانی تێگەیشتن و پێناسەکردندا دەمێنێ!

لە بواری سایکۆلۆژی و شێوەی پێوەندی تاکەوە لە کۆمەڵگادا، بێ ئەهمیەت کردنی زمانی دایکی لە لای بنەماڵە، کۆمەڵگە، دەسەڵات، خوێندنگە و فێرکاریش، ستەمێکی دیار و بەرچاوە دەرحەقی تاک . زمان، ئەدەب ، فەرهەنگ و تەنانەت خودی کۆمەڵگەش کەچی ئاڵۆزی کۆمەڵگە و کەلتوور و پێوەندی، هەر لەم نەدیدەگرتنی زمانی دایکییەدا، بەدی دەکرێ.

بە نەتەوەیی بوونی زمانیش لە بنەماڵە، کۆمەڵگە و وڵاتدا لە تاکەوە بۆ کۆمەڵگای خاوەن زمان دەگات و زمانی نەتەوەیی هەر هەمان زمانی یەکەمە کە بە زمانی دایکی ناسراوە و هە ر ئەم زمانەیە کە پێناسەی تاک و نەتەوەیە.

ئاسانتر و بەنرخترە کە زمانی دایکی بە ڕوناکی ڕێگای فێربوون، پەروەردە وتێگەیشتن لە زمانی دیکە ، پێناسە بکرێ چون ئەگەر منداڵ و تاکی کۆمەڵگا، سەرەتا زمانی دایکیی بە باشی فێر بێت و لە سەر ئەساسی ئەو زمانە پەروەردە بکرێ بناغەیەک بەهێز و دەوڵەمەند سازئەکرێ بۆ فێربوونی زمانی دووهەم و چەندین زمانی دیکە لە تەمەنی فێربوون و زانست و پێوەندیدا .واتە ئەگەر فێربوونی زمانی یەکەم بە هێز و تەواو بێت، فێربوونی زمانی دووهەم بۆ پەروەردە و پێوەندی و تێگەیشتن ئاسانتر ئەبێت.

لێرەدا پەروەردەنەکردنی تاک هەر لە منداڵییەوە بە زمانی دایکی ، ئەگەری لەناوبردنی شوناس ، دروست کردنی ئاڵۆزی وخۆڵقاندنی باری ڕەوانی ناجێگیر لە لای تاک، دوورخستنەوە و نەفرەتی تاک لە نەتەوە ، کەلتوور ، وڵات و تەنانەت سروشتی ژیانیش بەرهەم ئەهێنێ!

بۆ دڵبەستن بە ژیان و هەبوون ،بنەماڵە ،خزم و کۆمەڵگەی ژیان و دەوروبەری مرۆڤ، زمانی دایکی دەتوانێ هۆی ئەم پێوەندی و دڵبەستنە بێ و هەر ئەم زمانەش دەتوانێ کەرەستەی بەهێزییەک بێت بۆ پێوەندی کەلتووری ، جڤاتی ،ئابووری و تێگەیشتن و پێگەیشتن بە زانست و تەنانەت خەیاڵی دونیای دەرەوەش.

هەر ئەم زمانەیە کە باشتر دەتوانێ کەرەستەیەک بێت بۆ پێوەندی نێوان تاکێک لەگەڵ هەر تاک و نەتەوەیەکدا کە ئەم پێوەندییە لە بواری فەرهەنگی ، ئابووری ، ئەدەبی، سیاسی و بە هەر چەشنێکی شیاو دەتوانێ بەرقەرار بێت و لەگەڵ هەر تاکێکدا لە هەر وڵاتێکدا ڕێک بخرێ. واتە زمانە کە کەرەستەی پێوەندی دوو نەتەوەیە کە ئەگەر ئەم زمانە هەمان زمانی یەکەم بێت لە هەموو بوارێکدا وەک ئارامی ڕۆح و ڕەوان وەک دووربوون لە هەر چەشنە ترس و پێوەرێک گران بۆ پێوەندی، دەتوانێ سەرکەوتوو بێت لە بە کارهێنان و پێوەندی و گەیشتندا .

واتە زیندووبوونی زمانێک بە واتای هەبوون و مانەوەی نەتەوەیەکە کە ئەم زیندووبوونە لە زمانی تاکی کۆمەڵگا وەک زمانی دایکی و پەرەپێدان و پەروەردەکردنی ئەم زمانە هەمەلایەنە و وەک پێوندەیی نێوانی تاکەکانی ئاخێوەری ئەم زمانە بە کار دێت و مانەوەی نەتەوەکەی لە هەبوونی خۆیدا دەبینێ.

واتە زمانە کە بۆ پاراستنی تاکێک هەتا نەتەوەیەک وەک قەڵا و سپەرێک بە کار دێت

واتە هەر لە سەرەتای ژیانەوە ، لە منداڵییەوە فێربوون و خوێندن بە زمانی دایکی باشترین کەرەستەیە بۆ پێناسەکردنی مرۆڤ لە بواری پێناسەی تاک، مێژوو، فەرهەنگ و نەتەوەیەکدا کە ئەمەش هەمان کلیلی پێوەندی و پێناسەکردنی تاکی مرۆڤ و نەتەوەکەیەتی.

بە کورتی، بێ زمان بێ نەتەوەیە .لەناوبردنی وشەیەک گرانتر لە نەبوونی تاکێکە چونکە لەناوبردنی زمانی نەتەوەیەک ، مرۆڤگەلێک لاڵ و نەخۆش بەرهەم دێنێ کە ئەگەر لە باری جەستەییدا نەخۆش نەبێ ، لەباری سایکۆلۆژی، ڕەوان ودەروونەوە ، شێوەی پێوەندی و هەڵسوکەوت لەگەڵ تاک و کۆمەڵگادا، نەخۆش، ئاڵۆز، پەراوێزخراو و تێکچوو ئەبیندرێ و بە گشتی کۆمەڵگە، گەل و نەتەوەیەک پڕ لە کێشە و قەیران نیشان ئەدات کە بەرهەمی نەبوون و نەخوێندنە بە زمانێکە کە مافی هەر تاکێکە ئەوەش وەک بڕینی بەشێک لە جەستە و وەرگرتنی بە نارەوا لە مرۆڤە، کە هەتا ژیان ئەکات خۆی بە ئاڵۆز لە هەست و بووندا ئەبینێتەوە و وشیاری لە بواری پێوەندی و هەموو چەشنە هەڵسووکەوتێک لە ژیان و پێوەندی لەگەڵ دونیای دەوروبەردا بە تەواوەتی لە لای نییە و ئاڵۆزی بە واتای پێناسەی تاکێک وەک لاڵ و پەراوێزخراو، بێ زمان و دوورخراو لە زمانی دایکی بۆ پێوەندی لەگەڵ بەردەنگدا هەمان تێکچوونی باری ڕەوانی و کۆمەڵایەتییە !

# ساڵوەگەڕی نەگریس



**سۆران شەمسی**

لە حاڵێکدا بەرەو ساڵرۆژی شوومی شۆڕشی ٥٧ لە وڵاتەکەمان نزیک دەبینەوە کە قسەکردن لە سەر ئەوەی ئەم شۆڕشە چ دەسکەوتێکی هەبووە وەزیفەی هەر تاکێکی ئازادیخوازە، نیزامێک کە بە ناوی شۆڕشی ئیسلامیی ڕوویدا، ئاکامێکی مەنفی هەبوو لە ئاستی جیهاندا بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەبۆنەی ئەم شۆڕشەوە پەیوەندی ئێران لە گەڵ زۆربەی وڵاتەکان تێک درا و لە کۆتاییدا پچڕا، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ئاکامی ئەم شۆڕشە لە چوارچێوە و ناوەڕۆکی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە برێک لە ڕاپەرینەکان ڕێکخراوەکانی ناوچەیی هاتە بەرچاو، وەکوو حیزبوڵا لە لوبنان، حەشدی شەعبی لە عێراق و برێک لە حیزبە جیهادییەکان وەکوو تاڵەبان لە ئەفغانستان، حوسییەکان لە یەمەن و دەیان نموونەی دیکە لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونیان هەیە کە بە شێوازێک لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن و بێ سۆباتی سیاسی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا درووست کردووە، بیرکردنەوەی خەڵکیش لە بەرانبەر ئەم ڕاپەرین و شۆڕشەدا لە ناوخۆی وڵاتی ئێرانیش گۆڕدراوە، برێک لە کەسایەتییەکان کە لە سەرەتاوە بەشداری شۆڕش و لە دامەزرێنەرانی ئەم ڕێژیمە بوون، بیروباوەڕیان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئێستا دەسەڵاتدارن و حکوومەتیان بەدەستەوەیە گۆڕدراوە و ئەم جیاوازییە سیاسییانە بوونەتە هۆی دەست لەکار کێشانەوە و دوورخستنەوەی ئەم کەسانە لە کار و حکوومەت و لە بواری سیاسی و پەیوەندیدانیان بە ئامریکا و ئیسراییل کە بە فتنەگەران و... هتد، نێویان دێنن و دیانخەنە ژێر چاوەدێرییەوە و دواتر دەستبەسەریان دەکەن یا لە ماڵەکانیاندا زیندان دەکرێن، ئەمە بووەتە هۆی قبووڵ نەکردنی ماهیەتی ئێستای ڕێژیم لەگەڵ ئەو دروشمانەی کە لە سەرەتای دەست پێکردنی ڕاپەرینی گەلانی ئێران و گۆڕینی نیزامی سیاسی و پاشایەتی کە باسیان لێوە دەکرد، لە چەند ساڵی ڕابردوو برێک لە کەسایەتییە سیاسییەکان کە لە سەرەتای ڕاپەرینەوە کاری ڕەسمی و حکوومەتییان لە یەکەم دەوڵەتی پاش شۆڕشەوە هەبوو، لە خەڵکانی ئێران بەبۆنەی جێبەجێ نەبوونی ئەو دروشمانەی کە لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە باسیان دەکرد و زیاتر لەبەر فریودانی خەڵک بوو داوای لێبووردن بکەن و خۆیان بە شەرمەزاری خەڵک بزانن، ڕێژیمی ئێستای ئێران ڕێژیمێکی دیکتاتۆری ئایینییە، بە بینینی هەلومەرجی ناوخۆی ئێران زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە ڕوانگەی خەڵکی ئەم وڵاتە سەبارەت بە دروشمەکانی سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران لەگەڵ ڕێژیمی سیاسی ئێستا ناکۆکە، ڕاپەرینی گەلانی ئێران کاریگەریگەلێکی ناوچەیی هەبووە و بووەتە هۆی وێرانی و شەڕ و ئاڵۆزی لە ناو وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەستی ئاژاوەگێڕی لە ناو زۆربەی وڵاتەکاندا هەیە و داهاتی ئەم ڕاپەرینە و کاریگەرییەک کە هەیبووە دەتوانێت پرسیارگەلێک بێت کە جێگای تێڕوانینێکی زۆری هەبێ.

شەپۆلی ڕاپەڕین و مانگرتنی گشتی لە ئێران دەستی پێکردووە، نەتەوەکانی ئێران بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان لە هەموو جێگایەکی وڵاتدا دەستیان بە ڕاپەرین و خۆپیشاندان کردووە، دەسەڵاتدارانی ویلایەتی فەقیی بە شێوازی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری کە پیشەی هەمیشەیی خۆیان بووە، بۆ سەرکوت کردنی هەر دەنگێکی ناڕازی لە گرتن و بەندکردن و لەسێدارەدان کەڵک وەردەگرن و هەزاران کەس لە چالاکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵانی خەڵکیان دەستبەسەر کردووە و خستوویانەتە ژێر ئازار و ئەشکەنجە قروون وستاییەکانی خۆیانەوە یان لە سێدارە دراون، بەڵام خەڵک ساڵانێکی زۆرە کە لە ژێر ئەشکەنجە و ئازار و لە زیندانەکانی ڕێژیمی زاڵم و خوێنمژدان کە هەرچەند بە شێوازێکی دڕندانە سەرکوت دەکرێن، بەڵام بە ڕاپەرین و خۆپیشاندانی گەورە و پڕلە هەستی خۆیان هێڵێکی سووریان لە سەر ڕێژیمی ئاخوندی کێشاوە، لە ماوەی نزیک بە سێ مانگی ڕابردوودا خۆپیشاندان و ڕاپەرینێکی هەمەلایەنە بە تایبەت لە چینی کرێکار و مامناوەندی کە بە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی کۆمپانیای پۆڵا (فوولاد) لە خوزستان و هەروەها کرێکارانی کارخانەی نەیشەکەری هەفت تەپە دەستی پێکرد و جارێکی تر ورە و هەستی ئازادییخوازانە و دلێرانەی خەڵکی ئێران بەرانبەر بە ڕێژیمی دیکتاتۆری ڕێژیمی ئیسلامیی نیشان دەدات، ڕێژیمی جەنایەتکاری ئێران وەکوو هەر ڕێژیمێکی تری فاشیست هۆکاری گشت کێشەکانە و بەتایبەت کێشەی ئابووری خستووەتە ئەستۆی چەند هۆکارێکی دەرەوە و هەوڵ دەدات بە سیاسەتی کۆنەپەرستانە و دواکەوتوو، بە دزین و تاڵان کردنی دارایی و سرووەت و سامانی وڵات لە لایەن بەرپرسان و سەرکردەکانی ڕێژیمەوە، ئەو کێشانەی کە بوونەتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی ئێران بەرەو هەژاری و نەهامەتی بڕۆن، بشارێتەوە. نیزامی ڕێژیمی ئیسلامیی لە ڕێبەندانی ١٣٩٧ی هەتاویی دەگاتە ٤٠ساڵ تەمەنی خۆی و ئەم پرسیارانەی خوارەوە دێنە ئاراوە:

١ـ ئایا ئەم نیزامە کە لەسەر ئایدئۆلۆژی فەقیی ئیسلامیی دامەزراوە، توانیویەتی بەو شێوازەی کە باسی دەکات خۆی وەکوو نیزامێکی سیاسی نیشان بدات و بیسەلمێنێت؟

٢ـ ئایا توانیویەتی پەیوەندیەکی ئۆرگانیک لە سەر بنەڕەتی بەرژەوەندی نەتەوەیی لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانیدا هەبێت؟

٣ـ بارودۆخی کۆمەڵگای مەدەنی ئێران لە نیزامی ڕێژیمی ئیسلامیدا چۆنە؟

٤ـ بارودۆخی ئابووری نیشتیمان لەم ساڵانەی ڕابردوودا چۆناوچۆن بووە؟

٥ـ ئایا ڕێژیم لە چل (٤٠) ساڵی ڕابردوودا لە بواری ئابوورییەوە توانیویەتی دۆخێکی ئاسایی و سەقامگرتوو درووست بکات؟

کاتێک ئاکامی کارنامەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران تاوتوێ دەکەین، بۆ هەموو ئەو پرسیارانە هیچ وڵامێکی تایبەت و باش و پۆزەتیڤیان نییە، لە بەفرانباری ساڵی ڕابردوودا لە ١٣٠ شاری ئێران ڕاپەرین و خۆپیشاندانی گەورە هاتە ئاراوە کە بوو بەهۆی تێکشکانی تاپۆی ڕێژیم و بناغە و بنچینە و بنەڕەتی نیزام کرایە ئامانجی خۆپیشاندانی خەڵکی ئێران، لە بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوییەوە تاکوو ئەمڕۆ، ڕۆژانە بەپێی ڕاپۆرتەکان پێنج (٥) خۆپیشاندانی خەڵکی لە شارە جیاوازەکاندا هاتوونەتە ئاراوە کە ئەم ئامارە نیشانەی کارنامەی ناکارامەی چل (٤٠) ساڵەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە لە هەموو بوارەکاندا، لە بارودۆخی هەستیاری ئێستادا کە دۆخی سیاسی نیشتمان لە حاڵەتێکی شناوەر و ئاڵوگۆڕدایە، پێویست بە ڕێکخستنی هێزە نیشتمانپەروەرەکان، ڕووناکبیران و هێزێک کە دوورە لە هەستی خێڵەکی و زمانی، هێزێک کە لەم ڕێگا داخراوە سیاسییەدا دڵیان بۆ نیشتیمان لێ دەدات، لە هەلومەرجی ئێستادا درووستکردنی کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی بۆ خاوێن کردنەوە و لەنێوبردنی ئەو ئازار و ڕەنجانەی کە تووشی خەڵکانی ئێران بووە زۆر پێویستە، بۆ هەمووان ئاشکرایە کە داهاتووی وڵاتی ئێران کاتێک ڕوونە کە ئەمڕۆ بە درووستی و دووربینانەوە بجووڵێن و بە یەکیەتیی هەموو هێز و توانای گشت نەتەوەکان کە بڕوایان بە یەکڕیزی نەتەوەیی و خەڵک هەیە، دلێرانە و بوێرانە لە بەرەی شەڕ دژ بە پیرانەگیشن و گەندەڵی کە هەر ڕۆژ بەستێنی سەرەڕۆی و دیکتاتۆری دەسەڵاتداران زیاتر دەکات.

لە هەلومەرجی هەستیاری ئێستادا نەک تەنیا کەسایەتییە نەتەوەیی و سیاسییەکان، بەڵکوو هەموو حیزبەکان بە ئامانجی زانیارییدان و مکانیزەکردنی خەباتێک کە ببێتە هۆی بەرانبەری و دادپەروەریی خەڵک، هاودەنگ بن، گرینگ ئەوەیە کە هەموو لایەک ئەبێت لە سەر بنەمای ڕێزگرتن لە پیرۆزییەکان و بیروباوەڕی هەموو نەتەوەکان کە لە نێو چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا بوونیان هەیە، هەبوون و کارایی خۆیان بۆ تێپەڕاندنی بارودۆخی خراپی ئێستا بە لەبەرچاوگرتنی یەکیەتی و یەکدەنگی لە یەک بەرەی نیشتمانی ڕابگەیەنین و بە شانازییەوە هەنگاو لە ڕێگای خەبات لەگەڵ قەیرانەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان و تێپەڕاندنی ئەم ڕێگا داخراوە سیاسییانە کە بەستەری پێکەوەژیان و یەکتر قبووڵ کردنی خەڵکانی ئێران بێت لە نێو وڵات سەقامگیر و ئاسایی ببێتەوە، هەروەها هەوڵێکی هەمەلایەنە بدرێت تاکوو شوێنێک کە دێموکراسی ڕاستەقینە بۆ درووست کردنی نیشتیمانێک کە شایانی خەڵک و نەتەوەکانی ئێران بێت، پێک بهێنن، ئێستا لە کاتێکی زۆر هەستیار و چارەنووسسازداین، ئێستای نیشتمان دەتوانێت کات و دەرەتانێکی باشی هەبێت بۆ خەباتێکی هەمەلایەنە بە دژی دیکتاتۆریی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و ئەم ڕێگایە نەگونجاو نییە و بە هاوکاریی ئاگاهی و هاودڵی و هاوکات لەگەڵ هێزەکانی خەباتکار، پێویست بە ڕێکخستنێکی عاقڵانە خەباتەکەیانن بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە نالەبارەی ئێستا، لەم ڕێگایەوە ئەبێ هەنگاوی بە هێز هەڵبگرین و تا داپڵۆساندنی هەموو ڕیشەیەکی نادادپەروەریی و زۆربێژی و برینی دەستی کەسانێک کە لە ساڵانی ڕابردوودا بە قەڵغان کردنی نەتەوە و زمان بە نێوی ئەم و ئەو فیریودانی خەڵک و هەروەها بە گاڵتەکردن بە بیروباوەڕی نەتەوەکانی ئێران، زوڵمیان کردووە بەردەوام بین. لە چوارچێوەی ئەم سنوور و نیشتمانەدا بێدەنگ مانەوە هەم خیانەتە و هەم جەنایەت، ئەم نیشتمانە کە بە خوێنی خەڵک نەخشیندراوە و لە لایەکی دیکەوە خەڵکیش ئاگاداری هەموو ڕاستیە تاڵەکانن کە کاربەدەستانێک بەستەریان ساز کردووە و ئەم هەموو زوڵم و ستەمانەیان لەگەڵ خەڵک کردووە، ئایا خەڵکی ئەم نیشتمانە ناتوانن "نە"یەکی بەبڕشت و لێبڕاوانە بەم بارودۆخی ئێستا بڵێن، بارودۆخێک کە وای لێ هاتووە هەموو ڕۆژێک کوێرێک دەستی کۆرێکی دیکە دەگرێت، ئەبێت هەوڵێکی زیاتر بدرێت و بزانین کە برێک لە دەسەڵاتداران ئاگاهانە و بە ئەنقەست چییان لە داهاتوو و چارەنووس و هوویەتی ئەم خەڵکە کردووە و چە قەیرانێکیان بۆ خەڵکی هەژار و زوڵم لێکراو هێناوە، قەیرانێک کە لە هیچ حکوومەتێک لە کاتی سەربەخۆیی ئەم وڵاتەدا تا ئێستا نەبووە، دەربازبوون لە دەستی ڕێژیمێکی ئاوەها، لە هەنگاوی یەکەم خەباتی ڕووبەڕوو و لە گۆڕەپانی شەڕ لەگەڵ ئیسلامێکی ڕادیکاڵ کە ویست و داخوازییان حکوومەتی ئیسلامییە و خەبات لەگەڵ کۆنەپەرەستی دواکەتووانە، لایەکی دیکەی خەباتی ڕووناکبیرانە و ئاوەزخوایی و ئاقڵانەگەرایی ڕووناکبیرانی ئازادییخوازە کە بە ئامانجی بەرانگاربوونە لەگەڵ ئایدئۆلۆژی و فکریەتی دەسەڵاتدارانی حاکمە، چۆن نابێت تەنیا بە ڕەخەگرتن یەک "عەقلیەت و فکریەت " بگۆڕدرێت و خۆبەدەستەوەدان لە بەرانبەر بە نەزانی و خیانەت و جەنایتی ئەو فکریەتە، نیشانەی ترس و قبووڵ کردنی سووکایەتی و بچووکبوونەوەیە، ئەبێت لە قۆناغی ناسینی هەست و ئیحساست بگوزەرین و بگەین بە قۆناغی تێگەیشتن، عەقڵانی و ئاوەزمەندانە و زانستیانە، معیار و پێوانەی هەلبژاردنی نێوان ڕاستییەکان و درۆوەکانی فکریەتی مرۆڤە، ئەگەر ئێمە سیستمێکی دێموکراتیک بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤ و لە سەر پاراستنی کەرامەتی مرۆڤمان دەوێت، ئەبێت دەستبەرداری حکوومەتی ئیسلامیی بین کە تەنیا ڕێگای گەیشتن بە ڕووناکایی تێپەڕبوون لەم نیزام و ڕێژیمە جاهل و دڕندەیەی ئێرانە.

# لە خۆنکۆڵییەوە بۆ لە ناوهێنانی نەتەوەی سەردەست



کەیوان دروودی

خۆنکۆڵی لە زانستی کۆمەڵناسیدا بە جۆرێک لە ناسەقامگیریی دەروونی دەوترێت کە تاکی تووشبوو بە هۆکاری جۆراوجۆر ئاوات و حەزەکانی دەشارێتەوە یان سەرکوتی دەکات بەڵام دەشێت ئەم جۆرە ناجێگیرییە سایکۆلۆژیکە لە پانتاییەکی گەورەتر و لە ئاستی ئێتنیسیتە یان نەتەوەیەکیشدا وەدیار بکەوێ.

لەڕاستیدا هۆکاری ئەم خۆنکۆڵییە جۆراوجۆرن، بەڵام ئەگەر تایبەت بڕوانینە سووژەی ئێران و جۆری پەیوەندیی نێوان ستراکچێری دەسەڵات و پێکهاتەکان، دەتوانین سەرەداوی هۆی سەرهەڵدانی ئەم نەخۆشییە بۆ ئیستبدادی مێژوویی حاکمییەت و ئەو زەروورەتانەی کە دەسەڵاتی ڕاگرتووە و ڕادەگرێ بگەڕێنینەوە.

لە سەردەمێکی نەک زۆر دووردا کە ژیانی کۆچبەری لە چوارچمکی ئێران باو بوو؛ تێگەیشتنێک لە نەتەوە و دەوڵەت هاوشێوەی تێگەیشتنە باوە ئەوڕۆییەکان بوونی نەبوو و دەسەڵات بریتی بوو لە دەربارێک کە بڕشتی پاوشای لە بەرینایییەکی ناتەواو و ناجێگیر دەتەنییەوە و لەبەر ئەوەش بوونی ناسنامەی جیاواز هێشتا نەبووە بەشێک لە پرسی بابەتی سیاسی لەناو خەڵکی نیشتەجێی ئەو جوغرافیایە. هەروەها بوونی دەسەڵاتێکی نیمچەفیۆدالی، کەڵکەڵەی ئیرادەی سیاسیی جەماوەریی لە ناو ئێتنیسیتەکان دەڕواندەوە و هەر ناوچە و بەشێک بەپێی جۆری پەیوەندی، گرینگی، داهات و هتد خۆی لەتەک نوێنەرانی دەربار کە زۆربە نیزامییەکان بوون، ڕێک دەخست.

بەڵام ئەوە نزیک بە سەدەیە کە وردەوردە مێژوو پێی ناوەتە قۆناغێک کە تیایدا چەمکگەلی وەکوو نەتەوە و نیشتمان و هۆگرێتی لە وشە ڕەمزییەکانی گۆڕەپانی سیاسییە. ئیتر لێرەدا نیشتمان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خێڵ یان چەند خێڵ بۆ بەرینایی ناوچەی نیشتەجێبوونی هەموو ئەو کۆمەڵە خێڵانەی کە لەڕووی شێوەژیان، ژینگە و بەتایبەت زاراوە دەچوونەوە سەر کۆتەی یەک زمان بەربڵاو بووەوە. تێبینیی سەرەکی لێرە ئەوەیە کە ئەم ناوچەگەلە کاتی خۆی و لە سەردەمی فیدراسیۆنی خێڵەکانی حاکمییەتی ماد لە پەیوەندییەکی نیمچەئۆرگانیک و مەعنادار‌دا بوونە و بە هەڵوەشانەوەی ئەم دەسەڵاتە ئەو جۆرە پەیوەندییە لەژێر دەسەڵاتە پاوشایەتییەکان ڕووی لە کزی کرد.

وەک باس کرا نەتەوەش یەکێک بوو لەو چەمکانەی کە کەوتە نێو ئەدەبییاتەوە و لەژێر ململانێی خاوەندارییەتیی قەومی لە دەسەڵات و ناهاوسەنگیی هێزدا بەرەو ئاقارێک چوو کە هیچ تەبایی و پێکهەڵپێکییەکی لەتەک ڕاستییە ئۆبژەکتیڤەکاندا کە لێرە بریتییە لە فرەیی نەتەوەیی، نەبوو.

هەر لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێشەکییەدا دەبێ خوێندنەوە بۆ چەمکی سایکۆلۆژیکی هۆگرێتی بکەین. هۆگرێتی ئەو هەست و نەستە ئاوەزمەندانەیە کە مرۆڤ لەڕووی مێنتاڵیتەوە بە بنەماڵە، ژینگە، زمان، نەتەوە و نیشتمان یان هەر بابەتێکی هاوچەشن گرێ دەدات.

لەم قۆناغەدا هاتنی دەسەڵاتی یەکپارچەی بەناو مودێڕن جۆرێک لە پەیوەندیی نوێی ئافراند کە لە سکییەوە کۆمەڵێک پێویستی لەدایک بوو. تۆڕێکی هەمەگیر لە جمگە کاراکانی دەسەڵات کە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانیی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووریی دەکردە ئامانج و گەڵاڵەیەک وەکوو "عالی قاپوو"ش هەر لە پێناو پێکبەستراوەیی زیاتر و تەنینەوەی ئۆتۆریتەی ئەم دەسەڵاتە نوێیە خرایەڕوو. لێرەوە ستراکچێری کۆمەڵایەتی تووشی گۆڕان بوو و وردەوردە زەروورەتی ژیان وای کرد کە جۆرێک لە پەیوەندیی نوێ جێگیر ببێ و ئەمەش بوو بە سەرەتایەک بۆ هاتنەئارای کۆمەڵێک داهێنانی سیاسی کە لە ناوەندەوە دادەڕێژرا و بە یارمەتی گرێدراوی ژیانی کۆمەڵایەتی بەهۆی ئەو پەیوەندییە نوێیەوە، لە سەرتاسەری ناوچەکان بچەسپێ. ئەمە لە درێژەدا بوو بەهۆی بیچمگرتنی دەوڵەت — نەتەوەی ناتەبا کە لەتەک ڕاستییەکانی فرەچەشنیی ئێتنیسیتەی ناو جوغرافیای ئێران.

بەڵام وردەوردە ئەم ناتەباییە بەهۆی سیستمی "هەڕەشە و دەرفەت"ی خوڵقاوی دەسەڵات و بە پشتیوانیی دەستی دەرەکی و هەروەها نەبوونی وشیاریی کۆ — دیارە بەپێی کانتێکستی تایبەتی خۆی — لە ناو پێکهاتەکاندا، بە زەبری هێز پەردەپۆش کرا. لێرە بەدواوە نکۆڵی لە ناسنامە کە بەجۆرێکی بنەڕەتی حاشا لە مافی خۆکردن بوو دەستپێکرد و ئەمەش لە درێژەدا بوو بە ئەمری واقیع.

ناوەند کە خاوەنی دەسەڵات، هێز، پارە و سامان و پەیوەندیی نێودەوڵەتی بوو هەموو هەوڵەکانی لەپێناو ئەوەی پەراوێزەکان چاو لەدەست بکات خستەگەڕ. یەکپارچە کردنی سیستمی پەروەردە و فێرکاری، سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنەکان و بڕۆکراسیی بەربڵاو و گشتگیر لە گرینگترینی ئەو کارتانە بوو کە دەسەڵاتی ناوەند بۆ فەرمانڕەوایی خۆی بەکاری هێنا و ئەمەشی وەکوو هەوڵی پێشکەوتنسازی بە پێکهاتەکان دەفرۆشتەوە. کۆی ئەمانە وای کرد کە شوێن پێ، بۆ جۆرێک ناسنامەی دەسکرد (برساختە) لەو جوغرافیایە خۆش بکرێ.

هاتنەئارای ناسنامەیەکی نوێ خۆبەخۆ هۆگرییەتییە زاتییە سروشتییەکانی بەرەو لێوارەی شپرزەیی مەنایی پاڵ دەنا. هەر ئەم پاڵپێوەنانەش بوو کە لەلایەکەوە خەڵکی لە سزای دژەنیشتمانی بوون دەتۆقاند و لە لایەکیترەوە هانی دەدان بۆ وەرگرتنی پاداش و ئیمتیازێ کە ناوەند وەکوو کارتێک بەکاری دەهێنا. لەم ناوە، یەکێک لە گێژەنە لەقەکانی سەرجەم سەرهەڵدانەکان ئەوە بوو لە کۆتاییدا بە تەماح خستنەبەر بەشێک لە خەڵکی پێکهاتەییەکان، بەشەکەیتر بە تەنیا دەمایەوە و کەفوکوڵی دەنیشتەوە. لەم ڕەوتەدا خۆنکۆڵی بوو بە بەشێک لە باری دەروونی خەڵک و ئاسەواری لە ئێستەش کە دیسان بزووتنەوەی نەتەوەکان لە پەرەسەندندایە هێشتا هەر ماوەتەوە.

ئەوەی پێویستە بوترێ ئەوەیە کە بزووتنەوەکان لە ئێستەدا دەبێ وێڕای تێگەیشتنی وردی مانایی لە وردەکاریی ئەم خۆنکۆڵییە؛ ئەوە دەربخەن کە هۆی ئەم نکۆڵییە نەک بەرژەوەندیی گشتی بەڵکوو بوونی ناسنامەیەکی پشتی پەردەی نارسیستییە و بێ خوڵکوخۆ پێداگر بن لەسەر ناوهێنانی ئەو ناسنامە خۆحەشاردراوە.

بەڵام لەڕووی مەعریفییەوە ئەم خۆحەشاردانە چۆن شی دەکرێتەوە بۆخۆی باسێکی تایبەتی گەرەک. هەر تەکووزیی و تۆکمەیی (نەزمێک) لە ئاکامی ئیرادەیەکدا شێوە دەگرێ. ئەمە بنەمایەکە کە لە جۆری چنینی کەلوپەلی نێو ماڵێکەوە تا کیانێکی سیاسی و هەتا دەگاتە بەرینایییەکی ناوچەیی و جیهانی دەگرێتەوە. هەر وەک چۆن شێوازی چنینی کەلوپەلی ناوماڵ و دیکۆراسیۆنێک بۆ جوانیناسی و بۆچوونی خاوەنماڵ بۆ ڕێکوپێکی و ئاسایش و حەوانەوە و بەگشتی قازانجی خۆی دەگەڕێتەوە؛ چۆنیەتیی داڕشتنی تەکووزی و شێوازی جێگیریی دڵخواز لە کیانێکی سیاسی لە ئیرادەیەکی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێ. تەنانەت ئەگەر بەرینتر بڕوانین ئەو جۆرە لە سەقامگیرییە گەردوونییەی کە ئێستە باڵی بەسەر دنیادا کێشاوە لە ئاکامی سەرکەوتنی ئیرادەیەکی بەهێزی جیهانگرەوە سەری هەڵداوە. ئەمڕۆکە هەموو ئەو نۆرمە باوانەی کە پانتایی ژیانی تاک تا وڵاتەکان دەگرێتەوە دەرهاویشتەی ڕەوتی سەرمایە و پیشەسازی و ئایدیای لیبراڵ — دیمۆکراسییە. ئیتر ئەوەیکە ئەو شێوازە لە سەقامگیری و تەکووزییە و نۆرمە دەرهاویشتراوەکانی لای هەریەک لە ئێمە چین و چۆنن بۆخۆی جێی مشتومڕە.

بەم پێشەکییەوە و لەم دەلاقەوە ئەگەر بڕوانینە کەیسی ئێران کۆمەڵێک زانیاری لەڕووی ئەو ئیرادە ئامانجتەوەرە دەست دەخەین. لەبەرچاوترینی ئەم زانیارییە مەعریفییانە ئەوەیە کە بە چاوخشاندنێ بە مێژووی هاوچەرخی ئەم جوغرافیا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە هیچکات ئیرادەی گشتی — کە لێرە بریتییە لە کۆبەندی ویستی نەتەوەکان — لەسەر سەحنەی سیاسی ڕەنگدانەوە و شوێندانەریی نەبووە. لانیکەم لە ئەفشاریە، زەندیە و قاجارەوە تا وێستگەی مەشرووتە و لەوێشەوە بۆ هاتنی ڕەزاشا و دواتر دوورخستنەوەی شا و لە درێژەدا شێوەگرتنی کۆمارەکانی کوردستان و ئازەربایجان، بڕگەی کوودەتای ١٣٣٢، جووڵە پارتیزانییەکانی پێش ٥٧ کە لە سەرهەڵدانی ٤٦ — ٤٧ و سیاهکەلەوە دەستیپێکرد هەتا دەگات بە خاڵی وەرچەرخانی شۆڕشی دەسبەسەرداگیراوی گەلانی ئێران. کەوایە لەسەرچ ئیرادەیەک ئەم دەسەڵاتانە هەڵچنراوە کە دەرهاویشتەی ئەم بوونەی بە ناوی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی دروست کردووە یەکێ لەو باسانەیە کە پێویستە بخرێتەڕوو.

بەشێوەیەکی گشتی و لەدوای تێکچوونی ماد، پاوشایەتی لەسەر ئێران زاڵ بووە کە دواتر ناوەناوە و بەپێی گۆڕانکارییەکان جێی خۆی بە دەسەڵاتی ئایین داوە. هاوپێچیی ئەم دوو ڕەوتە کە کاکڵیان بریتیی بووە لە دەربارێکی تایبەت، ئێرانی تا بە ئەمڕۆ هێناوە. هەربۆیەشە کە میراتگرانی ئەم دەسەڵاتانە هەوڵی ئەوە دەدەن کە بە دەسخستنەناو مێژوو، گێڕانەوەی تایبەتی ئایدیۆلۆژیک پێشکەش بکەن کە تیایدا نۆرمە چەسپاوەکانی باو و قەبووڵکراوی ئەوڕۆ بگونجێنن. ئەم جۆرە گونجاندنە کە لە ناوەڕۆکدا دەشێت بە ترنجاندن ناوی لێ ببەین، داڕێژەرانیان ناچار دەکات کە دەسەڵاتی ٢٥٠٠ لەمەوپێش بە داهێنەری مافی مرۆڤ لە قەڵەم بدەن کە دەزانین بۆخۆی ئەم نۆرمە دەرهاویشتەی سەرمایە و پیشەیە و دەسپێکی ڕسکانەکەی لە سەد ساڵ زیاتر تێناپەڕێ. ئەم نۆرماڵیزەکردنی ئیستبدادە لە ڕاستیدا شاردنەوەی هەمان ئیرادە خۆحەشاردراوەیە کە میراتگرانی نکۆڵی لە بوونی دەکەن. نموونەی بەردەست، وتەکانی ڕواڵەتێکی ناسراو بە ناوی نووری عەلایە کە لە شوێنێکدا بە دژی پرۆتۆکۆڵەکانی ناو ڕەشنووسی لێکتێگەیشتنی دە ڕەوتی سیاسی دەدوێت و بە:" ئافراندنی بوونەوەرێک بە ناوی فارس" لای خۆیەوە تۆمەتباریان دەکات و بگرە پێیوابێ کە لە دادگاکەی خۆیدا و بە بڕیاری دادوەر کە خۆیە، وەکوو تاوانبار حوکمی دژەئێرانیبوونیان بۆ دەردەکات.

ئەم کەسە بە باشی لە ئەوە تێگەیشتووە کە بەپێی نەریتی ئیرادەی پێشینیانی باشترین بەرگری هێرشە. هەر لەبەر ئەوەش بەجێی ئەوەی شیکردنەوەیەکی پشتبەستوو بە لۆژیک و بەڵگە بخاتەڕوو، گشتایەتیی بابەتەکە دەگۆڕێ و دەرگای دیالۆگ بە هەمان گیانی هێرشبەرانەی ڕەزای شەست تیر و خومەینی دادەخات. لێرەوەیە کە دەبێ بڕۆینەوە سەر لێکدانەوەی بنەمای باسەکەمان و بزانین کە بوونی ئیرادەیەک یان چەند ئیرادە و ویست خۆبەخۆ لە بەرامبەری ئەو ئیرادەیە دەوەستێتەوە کە پاشخانەکەی بریتییە لە تۆتالیتاریزم، ئۆتۆریتەی ڕەها و سەرەڕۆیی پشتبەستوو بە هێزی پەتی. ئەم ئیرادە کە باسمان کرد هەمان ئەو مەیلە فراوانخوازەیە کە ڕێگە لە هاتنەئارای گوتاری دێموکراتیک دەگرێ و بە دیاریکراوی حەزە بێسنوورەکانی گەلی سەردەستە.

کەوایە ناوهێنانی ئەم گەلە سەردەستە لەخۆیدا دەرخستنی ڕەچەڵەکی ئیستبدادی مێژوویی ـ ئێرانییە و ناڕاستەوخۆ پیشاندەری ڕاستیی فرەپێکهاتەیی و فرەنەتەوەیی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، کولتووریی خەڵکانی ناو جوغرافیای ئێرانە.

درێژەپێدان بە دۆکتۆرینی ناوهێنان و پێداگری لەسەر بوونی گەلی سەردەست لە سیاسەتی ئێعلانیدا لانیکەم لەڕووی مێژوویی ئەو دەسکەوتەی دەبێ کە وەکوو بەڵگەیەک بۆ داهاتوو بمێنێتەوە کە نەتەوەکانی ئێران خاوەن ڕێکخستن و بەرە و داخوازیی خۆیان بوونە و لەباری ڕەوتناسیشەوە ئەوە دەسەلمێنێ کە هیچ لایەنێک ناتوانێ و ئەو ڕێگەیەی پێنادرێ کە ڕەوایی ئەوە بە خۆی بدات کە نوێنەرایەتیی گشتی بە مافی تاپۆکراوی خۆی بزانێت.

لەبیرمان نەچێ کە یەکیەتیی سۆڤییەت چەند قات بەرینتر لە ئێران بوو و لە ڕووی سامانی مرۆیی و مادییەوە دەوڵەمەندتر و پشتئەستوورتر بوو؛ بەڵام لە کەمتر لە چەند مانگدا بەسەر یەکدا ڕووخا و ئیرادە سەرکوتکراوە پشتگوێخراوەکان لە یەکەم دەرفەتی هەناسەداندا ملی ڕێگایان بەرەو چارەنووسی خۆیان گرتەبەر. هەمان ئەو چارەنووسەی کە نووری عەلا بەجێی ئەوەی هەوڵ بدات ڕێزی لێبگرێ و باشترینیان بۆ پێکەوەژیانی دوارۆژ بناسێنێ بە "درۆ"یەکی سەرشانۆ ناوی لێ دەبات و دەڵێ "مرۆڤ کاتێ باسی دیاریکردنی چارەنووس دەکات کە گەرەکی بێت جیا ببێتەوە" و دیارە بەباشی لەوە تێگەیشتووە کە تا ئەوان بە ئیرادەی خۆیان چارەنووس دەسنیشان بکەن نەتەوە چەوساوەکان جیا لە جیا بوونەوە ڕێگەیتریان لە بەردەمدا نییە.

**بە چاوخشاندنێ بە مێژووی هاوچەرخی ئەم جوغرافیا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە هیچکات ئیرادەی گشتی لەسەر سەحنەی سیاسی ڕەنگدانەوە و شوێندانەریی نەبووە**

**یەکپارچە کردنی سیستمی پەروەردە و فێرکاری، سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنەکان و بڕۆکراسیی بەربڵاو و گشتگیر لە گرینگترینی ئەو کارتانە بوو کە دەسەڵاتی ناوەند بۆ فەرمانڕەوایی خۆی بەکاری هێنا و ئەمەشی وەکوو هەوڵی پێشکەوتنسازی بە پێکهاتەکان دەفرۆشتەوە.**

# کەنووله، نیشتمانی حەماسە و شەراو

شەهرام میرازائی



۱۱۰ سال لەو ڕۆژەوە تێدەپەڕێ کە "سەرهەنگ قەنبەرخان" لە ڕێی فەوجی کەنولەوە، "ئەعزەمولدەولە حوسێنخانی زەنگەنە" لە نزیک کەنوولە دەستبەسەر دەکات و ڕادەستی لایەنگرانی "سالارەلدەولە" لە کرماشانی ئەکات. لەم یەک سەدەیەدا، ڕۆژهەڵاتی نیشتمانمان ڕووداوگەلێکی تاڵ و شیرینی زۆری بە چاوی بە خۆیەوە دیوە کە مخابن تاڵییەکانی ئەم بەسەرهاتە ئەوندە زۆرە کە قورساییەکەی لە ڕادەبەدەر و هەتا ئەمڕۆ درێژەیان هەیە.

کەنوولە کە لە ۷۵ کیلۆمێتری کرماشانی دێرین هەڵکەوتووە، بەرانبەری "ئاژوان" دانیشتووە و بە حورمەتی گەورەیی و شکۆی ئەم زنجیرە کێوە پای ڕانەکێشاوە و سەری ڕێز و حورمەتی بۆی دانەواندووە.

ئاژوان کە زنجیرەکێوێکی دوور و درێژە لەسەر ڕێگای "قەڵا" هەتا "میان ڕاهان" خۆی ڕاکێشاوە و بێ گوێدان بە داد و بێدادی زەمانە سەیری ئاسمان دەکات. "کونە خرس" و "ویکتۆریا" ناوی دوو ئەشکەوتی بەناوبانگی ئاژوانن و بەرزترین شاخیشی ۳۱۰۰ میتر، بەرزایی هەیە. داگیرکەران بۆ ئەوەیکە جوانی ئەم بەهەشتە ونبووە لەنێو ببەن، لە زور شوێنی ئەم ناوچەیە بنکە و پادگانی سەربازییان ساز کردووە کە هەرکام لەم بنکانە ڕووبەری زۆرێک لە دەشتەکانی ژێرپێی ئاژوانیان داگیر و لە نێو بردووە، بنکە و مۆڵگەگەلێک کە تەنانەت نزیک بوون لێیان قەدەغەیە و کەس نازانێ کۆماری ئیسلامی لەوێ سەرقاڵی چییە.

پێکهاتەی گرانیتی ئەم کوێستانە بووەتە هۆی سەرڕێژبوونی ڕووبارگەلێکی زۆر کە لە کەمتر شوێنکی کرماشان ئاوا شتێک بەدی دەکرێت، هەروەها کەنوولە لە باکوور، پشتی بە کێوی "کوڵە گەورە" گەرمە و لە باکووری ڕۆژئاوایش شانی داوەتە کێوی "خرە سیە" و لە باشووریش کێوی "پیر ئەفتەو" لەبەر پێیە.

واتای وشەی کەنوولە:

"کەن" لە زمانی کۆنی کوردیدا بە واتای "گوند، جێی نیشتەجێبوون و کۆمەڵگە"یە و "ولە" یان "لە" واتە بچووک و خنج و منج، کە دەبێتە کۆمەڵگەی بچووک یان گوندی بچووک. داگیرکەران بۆ لەنیوبردنی مێژووی ئەم ناوچەیە لە سەرچاوە ئاکادێمیستیەکاندا دەستیان داوەتە چەواشەکاری و لە بەرانبەر بە مانای کەنوولە نووسیویانە: ئەم گوندە لە "ڕوکن ئەلدەولەوە" وەرگیراوە، یانی: قەڵای "رکن الدولە" حاکمی ناوچە لەم بەشەدا بووە، بۆیە ناویان ناوەتە "کندولە"، کەن لە تورکی یانی گوند و دولەیش لە ناوی "رکنالدولە"وە گیراوە کە کورتکراوەکەی دەبێتە "کندولە"، یان کەنوولە.

گۆڕینی شێوەی دەربڕینی ناوی شار و گوند و ناوچەکانی کوردستان لە لایەن داگیرکەرانی وڵات، بەشێک لە پرۆسەی ئاسیمیلاسیۆنی کوردە کە لەو ڕێگاوە بە گۆڕینی ناوەکان هەم، مێژوویەک کە لە پشتی ئەو ناوەیە ڕەشەوە دەکەن و هەم مێژوویەکی چەواشەکارانەی بۆ ساز دەکەن، تا نەوەی کورد لە مێژووی خۆی نامۆ بکەن و بە ساکاری ئاسمیلەی بکەن. بۆ وێنە ناوی یەکێک لە گوندە هەرە کۆنەکانی کرماشانیان بە فارسی نووسیوە "دزد آباد" و خەڵکی ئەو ناوچەیەش دوای چەند دەیە ناوی گوندەکەیان بە دزئاوا دەردەبڕن و کاتێک لێیان دەپرسی بۆ دزئاوا؟؟ دەڵێ لە سەردەمانی زۆر کۆنەوە ئەم ناوچە چەتەی زۆر بووە، بەڵام کاتێک دەڕۆی و بەڵگە مێژووییەکان دەخوێنیتەوە ناوی سەرەکیی ئەو ناوچەیە "دژئائر" یان دژئاگر، یانی قەڵای ئاگر و شوێنی پاراستن و پەرستگە و ئاورگە بووە کە ئاماژە بە بواری ئایینی ئەو ناوچە لە سەردەمی کۆنی کوردستاندا دەکات.

کەنوولە وڵاتی خەونە بەهەشتییەکان پیشەی سەرەکی کەنولەییەکان وەکوو هەر هەورامییەکی دیکە، باخدارییە. ئاوی فراوان و خاکی باش و کەشوهەوای مامناوەند بووەتە هۆی خۆڵقاندنی وێنەیەک لە بەهەشت لەسەر زەوی. لە کەنوولە زۆرتر لە ۹۰۰ باخ کە ڕووبەرێکی زۆریشی لە باوەش گرتووە بەدی دەکرێ. بەرهەمی سەرەکیی ئەم ناوچەیە هەنگوور (ترێ)یە، کە لە هەموو کوردستان و ئێراندا بەناوبانگە و بێجگە لە مەسرەفی نێوخۆ، بۆ دەرەوەی وڵاتیش هەنارده دەکرێت.

لە کەنوولە زیاتر لە نۆزدە جور ترێ بەرهەم دێت کە لە هیچ شوێنێکی دیکەی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وێنەی نییە و ئەو شتە بەدی ناکرێ. ئەم بەرهەمە سەرچاوەی سەرەکی بژیوی خەڵکە ماندوونەناسەکەیە هەر بەم هۆیەوە لە ڕۆژانی کۆنەوە هەتا ئێستا کەنوولە بە نیشتمانی شەراو (شەراب) و ئارەق لە نێو کوردان بە تایبەت کوردانی کرماشان بەناوبانگە. عاشقانی مەی و بادە هەمیشە لە وەرزی بەرداشتی هەنگووردا، بەرەو کەنوولە ڕویشتوونە تا باشترین هەنگوورەکانی دونیا بۆ سازکردنی شەراو بەدەست بێنن یان بیکەنە کشمیش، بۆیە کەنوولە بە نیشتمانی خەونە بەهەشتییەکانیش بەناوبانگە کە لە بیرەوەرییەکانی کوردان لەو ناوچەیە جێگای تایبەتیی خۆی هەیە.

لە سێ ساڵی ڕابردووەوە هەتا ئێستا، بۆ ڕاکێشانی گەشتیارانی ئێرانی بۆ ئەو ناوچەیە هەر ساڵ فێستیواڵێک بە ناوی "دەنگی پای بەهار" لە گوندی کەنوولە بەرێوە دەچێ و ئیمساڵیش بڕیارە لەم ڕۆژانەدا ئەو فێستیڤالە بۆ سێیەمین جار بەرێوە بچێت.

گلێنە و چاوە دوورکەوتووەکەی هەورامان هەر ڕێبوارێک کە ڕێگای دەکەوێتە کەنوولە بە بیستنی زمان و زاراوەی ئەو خەڵکە تووشی سەرسامی و حەیران دەبێ کە چۆن دەبێ لە ناوچەیەکی دوور و جیا لە هەورامان، کە جوگرافیاکەی دوورە لە هەورامانەوە، گوند و خەڵکانێک هەبن کە بە شێوەزاری شیرین و دێرینی هەورامی قسە بکەن. لە ڕاستیدا دەبێ بڵێین کە زمان و شێوەزاری خەڵکی کەنوولە هەورامییە و بە گوتەی خەڵکی ئەو ناوچەیە، "ماچۆ" زمانن. کەنوولە کە سەدان کیلۆمێتر لە هەورامانەوە دوورە، لە نێوان "بێلەوار" و "میان ڕاهان"دا هەڵکەوتووە و تەنانەت یەک گوندی هەورامی زمانیشی تێدا نییە و هەموو خەڵکی ئەو ناوچەیەی دەوروبەری کەنوولە بە زاراوەی کرماشانی قسە دەکەن.

خودی خەڵکی کەنوولە بۆ ئەم بابەتە ئەفسانەیەکیان هەیە، بەپێی ئەو ئەفسانەیە لە سەردەمانی زۆر کۆنەوە دوو برا هەبوون کە هەرکام ژن و منال و ماڵی خۆیان هەبووە، ڕۆژگار کارێک دەکات کە ئەو دوو برایە لە یەک جیاوە ببن و یەکێکیان بچێ بۆ شاهۆ و هەورامانی ئیمڕۆ پێک بێنێ و یەکێکیانیش دێت بۆ کەنوولە، ئاوا بوو کە کەنوولە و هەورامان لە یەک جیا کەوتن. بێگومان ئەم ئەفسانەیە بنەمای مێژوویی و واقعی نییە، بەڵام دەرخەری پەیوەندیی سایکۆلۆژیی و دەروونیی کەنوولە و هەورامانە.

ئەڵماس خان کەنوولەیی، خاوەنی شانامە و حەماسەی کوردی:

بابەتەکەمان بە ڕووداوێکی سیاسی-مێژوویی دەس پێکرد و دەمانهەوێ بە تەوەرێکی فەرهەنگی-مێژووی تەواوی بکەین.

"ئەڵماس خان کەنوولەیی" یەکێک لەو گەورەپیاوانەی کوردە کە بۆ پاراستنی گەلەکەی لە هێرشی فکر و زمان و کولتووری داگیرکەر، دەستی بۆ قەڵەم بردووە، سەرەڕای ئەوەی پلەدارێکی گەورەی سەربازی بووە و خان و کەسێکی دەستڕۆیشتووە، هاوکات لە بواری ئەدەبی زارەکی گەلەکەیدا کۆمەڵێک کتێبە شێعری تۆمار کردووە کە ئیمڕۆکە بە ئەدەبیاتی حەماسی دەیناسین و نەتەوەکەمان شانازی بە خۆی دەکات کە خاوەنی ئەدەبیاتی حەماسی کۆنە کە ناوبانگی جیهانیان هەیە. حەماسەگەلێک کە بە زمانی شێعر ڕازێندراون و بە شانامەی کوردی بەناوبانگن.

دوکتور سەید ئارمان حوسێنی ئابباریکی، لێکۆڵەری کرماشانی، سەبارەت بە ئەڵماس خان دەڵێ: بەخت و ئیقباڵی ئەم شاعیرە بەناوبانگەی کوردستان ئەوەندە بەرزە کە زۆرینەی بەیت و شێعرە حەماسییەکان، کە هەرکام بەشێکن لە شانامەی کوردی، بەناوی ئەوەوە تۆمار کراون لە حاڵێکدا زۆربەیان شاعیرگەلێکی نەناسراو ئەو مەنزومانەیان نووسیوە، بەڵام لەڕووی بەناوبانگی ئەڵماس خان بە ناوی ئەو تەواو بوون. لە بەرهەمەکانی دیکەی سەرهەنگ ئەڵماس خان کەنوولەیی (۱۷۰۶-۱۷۷۷ز) دەتوانین ئاماژە بکەین بە: "حەوت لەشکەر"(هفت لشکر)، "خورشید و خەرامان" و "شیرین و فەرهاد" کە هەموویان بە شێوەزاری هەورامی (گۆرانی کۆن) هۆنراونەتەوە، بەڵام گرنگترین بەرهەمی ئەڵماس خان "شانامەی کوردی"یە کە کۆمەڵێک لە حیکایەت و چیرۆکە حەماسییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و کولتوری خەڵکانی کورد لەخۆ دەگرێت. دیوانی ئەڵماسخان کەنوولەیی و ڕۆستەم و زەنوون و چەند بەرهەمی دیکەی حەماسی و شانامەی کوردی لە دوو بەرگدا کە لەلاین دوکتور فەرهاد عێزەتزادە لە کرماشان و سلێمانی چاپ کراون.

بەپێچەوانەی ئەم شانس و ئیقباڵە کە ئەڵماس خان لە دونیای ئەدەبیاتدا هەیبووە، ئەم شاعیرە کوردە لە درێژەی ژیانی خۆیدا چارەڕەشی و کوێرەوەری زۆری دیوە. ئەڵماسخان کە لە ساڵی ۱۱۱۸ کۆچی مانگیدا لە گوندی کەنوولە لەدایک دەبێت، بەهۆی زانست و سەوادێک کە هەیبووە بە "میرزا" و "مەلا" بەناوبانگ بووە، هەروەها لەبەر ئەوەیکە فەرماندەی فەوجی کەنوولە بووە، نازناوی "سەرهەنگ" (لیوا)شی پێ بەخشراوە.

سەبارەت بە ژیان و بەسەرهاتی ئەم شاعیرە بەناوبانگەی کوردستان ئەفسانەی جۆراوجۆر لەسەر زاری خەڵکی دەڤەری کەنوولە هەیە. دەڵێن کاتێک نادرشای هەوشار سەرقاڵی داگیرکردنی هێندوستان بووە، لەنێو سوپاکەیدا پیاوێکی دیوە کە بە دوو دەستی، شمشێری وەشاندووە و پەیتا پەیتا دوژمنی کوشتووە. نادرشا دەپرسێ ئەو پیاوە کێیە کە ئاوا دوودەستی شمشێر دەوەشێنێت، دەڵێن ئەڵماس خانی کەنوولەییە، نادرشایش دەڵێ دوای شەڕ بانگی بکەن بۆم. دوای شەڕ ئەڵماس خان دەڕواتە لای شای ئێران و لێی دەپرسێت: ئەڵماس خان تا ئێستا لە کوێ بوویتە، تو بەو قارەمانی و بوێری و توانایەی کە هەتە دەتوانی زۆر جێگات بگرتایە، چوون وا نەبووە؟ ئەڵماس خانیش لە وەڵامدا دەڵێ: هەتا ئێستا پیاوێک وەکوو تۆ نەبووە کە دەرفەتم بۆ بڕەخسێنێت.

لە زۆر کتێبدا سەبارەت بە ژیان و سەربوردەی ئەڵماس خان لەنێو لەشکری نادرشا نووسیاگە کە: بەهۆی ئەوەی ئەڵماس خان هۆکاری سەرەکیی شکستی لەشکری نادرشا لە شەڕ لەگەڵ سوپای عوسمانی بووە، لە ساڵی ۱۱٤٦ی کۆچی مانگی، نادرشا ئەختەی دەکات (ئەیخەسێنێ و لە پیاوەتیی دەخات) و دواتر دەری دەکات و لەو ڕۆژەوە، لە گوندی خۆی یانی کەنوولە نیشتەجێ دەبێت و شانامە کوردییەکان کە لەزاری خەڵکی ناوچەدا بوونە کۆیان دەکاتەوە و بەشێوەیەکی ئوستادانە دەیانکاتە شێعر و دەیاننووسێتەوە، بەڵام دوکتور ئارمان حوسێنی لەو باوەڕەدایە کە ئەم باسانە ڕاست نین و ئەگەر نادرشا غەزەبی لە ئەڵماس خان گرتووە و لە پیاوەتیی خستووە، بۆ ئەڵماس خان کتێبی "نادرنامە، یان جەنگنامەی نادری" لە وەسفی شەڕ و قارمانیەتی نادرشا نووسیوە؟

لێکۆڵەرانی کورد لە زۆر شوێن و کتێبدا باس لە ۲۵ بەرهەمی ئەڵماس خانی کەنوولەیی دەکەن، لەحاڵێکدا کە دوکتور سەید ئارمان حوسێنی ئابباریکی، لەو باوەڕەدایە کە بەهۆی ئەوەی کە ئەڵماس خان لە نووسینی شانامەی کوردی لە کوردستان بەناوبانگ بووە، هەر بەشێک لە شانامە کە نووسراوەتەوە و نوسەرەکەی دیار نەبووە، بە ناوی ئەڵماس خان تەواویان کردووە، ئەم لێکۆڵەرە کوردە دەڵێت: ئەو بەرهەمانە کە خوڵقێنەریان ئەڵماس خانی کەنوولەییە و لەو ڕاستییە هیچ شک و گومانێک نییە بریتین لە: جەنگنامەی نادر، یان نادرنامە، شیرین و فەرهاد و "مشک و پشیلە".

بەپێچەوانەی قسەی هەندێ لێکۆڵەر، شانامەی کوردی نە لاسایی و نە وەرگێڕانی شانامەی فیردەوسییە، بەڵکوو بەرهەمێکی سەربەخۆیە کە لە ناخ و قووڵایی ڕۆح و ڕەوانی گەلی کوردەوە هەستاوە و لە ژیان و فکر و هەستی کورد دەدوێ و لەگەڵ شانامەی فارسی کە زمانێکی حکوومەتی و دەرباری و پاشایانەی هەیە، زۆر جیاوازە. لە ڕاستیدا ناتوانین لەم کورتەنووسینەدا باس لە شانامەی کوردی و جۆرەکانی و تایبەتمەندییەکانی بکەین، بۆیە ئەگەر دەرفەت هەبوو و عومرێک مابێت، سەبارەت بەم بابەتە گرینگە باسێکی تێروتەسەل پێشکەش دەکەین.

ئەڵماس خان کەنوولەیی لە ساڵی ۱۲۰۰ی کۆچی مانگی کۆچی دوایی کردووە و کوردستان داخداری خۆی دەکات. بەم بۆنەیەوە میرزا شەفیع دینەوەری یەکێک لە شاعیرە بەناوبانگەکانی نیشتمانمان کە هاوسەردەم و هاودەم و هاوڕازی میرزا ئەڵماس خانی کەنوولەیی بووە لە شیعرێکدا خەم و پەژارەی خۆی بەهۆی لە دەستدانی ئەو گەورە پیاوە دەردەبڕێت و دەڵێ:

میرزام خامۆشان میرزام خامۆشان
مبارەکت بوو ماوای خامۆشان
نووشت بوو بادەی بێهووشی هووشان
ڕەفیق مەجلس جەرگەی مەینووشان
سەرای سەنگ و گل وەنەت بار نەبوو
ڕووهت نە دیوان شەرمەسار نەبوو
هانام بۆ ئێجاز دئای خاسان بوو
سزای گوڕ ئەفشار وەنەت ئاسان بوو
نە وەخت سئاڵ پرسای خەیر و شەڕ
قادر وە قودرەت لێوت کەروو تەڕ
بینای بێزەواڵ، شای پشت پەردە
بەخشووت گونای کردەی ویەردە
دڵ ماوەروو تەنگ وەی کراماتە
میرزام یە سەفەر هات و نەهاتە

# کورتە وتارێک
# لەسەر چل ساڵ پەروەردەی ئێرانچییەکان

## پەروەردە و بارهێنان، قوتابخانە، قوتابیانی زیهن وهۆش کوێر (دانش آموزان دیرآموز –مرزی)



**دیاکۆ**

پەروەردە و بارهێنان، مێژووی بە بارستای مرۆڤایەتی و هەروەها بە بارستای ژیان و وەدیهاتنی گۆی زەوییە؛ پەروردە لە یەک وشەدا: بارهێنان، ئەگەر ڕوانگەی مامۆستایان و فیلووسوفانی باری پەروەردە لەو بارەدا تاوتوێ بکەین هەر هەموویان کۆکن لەسەر ڕۆڵی بە نرخی و کاریزمای پەروردە لە کۆمەڵگادا. پەروردە و بارهێنان لە زوربەی ولاتانی جیهاندا ڕۆڵیکی بەرچاو و کاریزمای بە ئاستی ڕاستەقینەی خۆی هەیە، لە ئاستی کۆمەلایەتی، ئابووری، ژینگە ،....... ڕۆڵی خۆی بە جوانی دەگێڕێ و لەبەرچاو گیراوە. هەر بۆیەشە هەموو ولاتانی پێشکەوتوو لەسەر پەروردە و بارهێنان حیسابێکی تایبەتیان کردووە. ساڵ بە ساڵ لە هەموو ستراتیژیکەکانی خۆیاندا زۆر بە تەواوی بوو پاراستنی، کەلەپوور، بارهێنانی کۆمەڵگا و دوارۆژی مرۆڤەکانی کاریزما پڕڕەنگتر دەبێ و بە ناخەی ئابووری و پێشکەوتووی خۆی لەسەر ساخ دەکەنەوە، لە ولاتانی پێشکەوتووی ئامریکادا هەتا ولاتانی پێشکەوتووی ئورووپاییدا، هەروەها ولاتانی ئاسیایی وەکوو ژاپۆن، مالزیا، چین و هتد. پرسیار ئەوەیە پەروردە و بارهێنانی ولاتی ئێران بەرەو کوێ چووە؟ بەرێزان، مامۆستایان، ڕووناکبیران، ڕۆژنامەوانان، کۆمەلانی ئێران، دایک و بابان، سەرجەم سازمان و ڕێکخراوە نێودەولەتییەکان ئەو وتارەی کە وا لەبەر دەستدایە، بیروڕای مامۆستایەکی قوتابخانەکانی ڕۆژهەلاتە کە تەمەنێکی زۆر لەو بوارەدا کاری کردووە، دڵسۆزانە لە قوتابخانەکانی ڕۆژهەلاتدا وانەکانی لە سەنگەری پیرۆزی قوتابخانەدا وتووەتەوە، کاریزمای هەبوو. خاڵەکانی بەرچاو لە چل ساڵەی شەرمی ڕێژیمی ئاخوندی بریتین لە:

١. کەمیی قووتابخانە لە ئاستی قووتابیان لە ناوچە و پارێزگاکانی کوردستاندا، بە ڕێژەیەکی زۆر بەرچاو کە نۆرمی قووتابیان لە پۆلەکانی شارەکانی وەکوو پیرانشار، مەهاباد، سەردەشت و هتد لە پۆلی سەرەتایی و مام ناوەندیدا (٠٣ بۆ ٠٣ )قووتابی لە هەر پۆلی قوتابخانەکان دان.

٢-نەبوونی بنکەی باش و ئیستاندارد و سەردەمیانە بۆ پەروردەی مامۆستایان (دانیشسەرا، زانکۆی تایبەتی مامۆستایان) و هەروەها دەخاڵەتی ئۆرگانەکانی دەزگای ئیتلاعاتی، سپا، و حراست و گوزینیشی ئیدارات بووەتە قەڵغانێکی گەورە و کاری لە ئاستی زانستی مامۆستایان و قووتابخانەکاندا .

٣- ئاڵوگۆڕی کتێب و چەمکەکان (تغییرات کتاب درسی و مفاهیم) قووتابیان یەک لە گەورەترین و ئەساسیترین گیر و گرفتە کە مامۆستایان و قوتابیان لەبەر دەستی دەناڵێنن و سەریان لێشێواوە. کە بۆ تەئیدی هەر کتێب و بابەت، وەزارتی پەروردە و بارهێنان دەبێ تەئیدی حەوزەی ئایینی قووم (حوزە علمیە قم) نەزەری مامۆستای ئایینی و ئایەتولاکانی لەسەر بێت، ئاڵوگۆڕێک کە بە ئیزنی ئەوان بێت و ئیجازەی چاپ و بلاوکردنەوەی هەبێت. (دیاکۆ، ڕێکخراوی پیشەی مامۆستایانی ئێران ڕێبەندانی ١٣٧٩)

٤- دژوارکردنەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دۆخەکە خراپتر دەبێت مامۆستایان پەنایان بۆ زۆر کاری ناحیرفەیی بردووە.

٥- زیندانی و هەڕەشە لە مامۆستایانی قووتابخانەکان و هەروەها بەربەرەکانێ لەگەڵ تەشکیلاتی سینفی و حیرفەیی مامۆستایان و پرۆپاگەندای زۆر هەن لە بەر یەکگرتوویی مامۆستایان و سەرقاڵکردنی مامۆستایان لەهەمبەر کار و شتی پووچ و بێ بنەما وەکوو (هەڵبژاردنی مامۆستایان بۆ شوورای عالی پەروردە و بارهێنان، هەروەها تەرحی مامۆستایانی تەواو وەخت. تەرحەکانی سپا، بەسیج وەکوو بەسیجی قوتابیان، تەرحی ڕاهیانی نوور......)

٦- بە بنکەکردنی سپا و سیخوڕی و بەسیجی قووتابخانەکان لە لایەن ڕێژیمی ئاخوندی کە خۆی بەرنامەی داعیشی کردنی سیستمی پەروردە و ڕاهێنان لە ولاتە . ٧- بە ئەهلی کردنی پەروردە لە هەموو ئاستەکانی (مدارس غیر انتفاعی ) سەرەتایی، مام ناوندی ،... و پەراوێزکردنی وەزارتی پەروردە لە بوودجە و ئیعتبارات (کە بۆ ساڵی خوێندن ٩٧ بۆ هەر قووتابییەک سفر میلیۆنی تەرخان کردووە)، هەروەها تالانکردنی سەرجەم سندووق و بنکە ماڵییەکانی مامۆستایان لە لایەن ڕێژیمی ئاخووندی وەکوو ( صندوق ذخیرە فرهنگیان و صندوق فروشگاهای تعاونی فرهنگیان و....) ئەم خالانە و زۆر خاڵی دیکە کە لەو وتارەدا ناگونجێن بەشێکی زۆر کەم لە کارنامەی ڕەشی ڕێژیمی ئاخووندی چل ساڵ شەرم لە بابەت پەروردە و ڕاهێنانی ولاتە، بەلام بابەتی تازە و سەردمیانە و زۆربەی ڕووناکبیران و شارەزایانی بواری پەروردە دەمهەوێ ئاگاداری بن، ئاماژە بەو خاڵەی خوارێ دەکەم. زۆربۆنی قوتابیان و منداڵان بیر و زیهن کوێر واتا (کودکان دیر آموز-مرزی و عقب ماندە ذهنی ) مامۆستایانی باری ڕەواناسی و پەروردە، منداڵ و ئینسانیان لە باری هۆش و زیهن بە چەند دەستە و گرووپ دابەش کردوونە (ئەنجوومەنی ڕەوانناسانی ئامریکاA.P.A) )

١-منداڵانی دواکەوتووی باری هۆشی کە هۆشیان لەژێر ٥٣یە

٢- منداڵانی دواکەوتووی مام ناوەند کە هۆشیان لە مابەینی ٩٣-٥١

٣- منداڵانی دواکەوتوو سەرەوەی مام ناوەند کە هۆشیان لە مابەینی ٩٥-٩١(کودکان دیر آموز –مرزی)

دایک و بابان لە چل ساڵەی ڕێژیمی ئاخووندی جێی شەرمە کە ڕێژیمی ئاخووندی لە تەمەنی هاتنەسەرکاری خۆی بە هەموو شێوازێک توانیویەتی پەروردە و بارهێنان و ژیانی دانیشتوانی خۆی وەبەر دڕندەترین، وەحشیانەترین ئامانج داوە هەر وەک کورد دەڵێت: "بناغەی لەسەر خۆڵەمێشی داندراوە بۆ خۆی لێرەیە و کلکی لە بەغدایە توزێ دەکا". جێگای خۆیەتی بۆ ئازادی و ڕزگاریی کۆمەڵگا و منداڵە چاوگەشەکان شێوازێکی دیکە هەڵبژێرین. ئەویش هاواری میلیۆنییە بۆ ئازادی و دێموکراسی. (دیاکۆ، ڕێکخراوی پیشەی مامۆستایانی ئێران ڕێبەندانی ٧٩) بەداخەوە بنەماڵەکەشی لێی ئاگادار نییە کە باری هۆشی و زێهنی منداڵەکەی چۆنە، بەرپرسانی پەروردە وەکوو کارناسی ئەو بەشانەی ( پەروردەی سەرەتایی واتا – آمادگی وسنجش) سەر و کاریان لەگەڵی هەیە دەزانن بەلام ئیجازەیان نییە ئەم ئامار و داتایانە ڕوون و ئاشکرا کەن، ئەو قووتابیانەی کە پلەی هۆشیان لەژێر ٥٣یە لە قووتابخانەی تایبەت وەردەگیرێن کە ڕادەیان لە ١٣ ساڵی پێشوودا یانی لە ساڵی ٧٩ بوو ٩٩ لە ئاستێکی زۆرە و بەپێچەوانە لە ئیستانداردی جیهانی چووەتە سەر. هەر چەند ئەو بەشە مەبەستی ئێمە نییە بەلام ئەو بەشەی کە لە نێوان١٥ بۆ ٥١ دان لە قووتابخانەکان وەک قووتابییەکی ئاسایی ڕەوانەی قوتابخانەکان دەکرێن. هەرچەند ئاماری زۆر ڕەسمی لە کاتی پێشوودا زۆر بە دەقیقی لەبەر دەستدا نیە بەلام لە پەروردەیەک وەکوو شاری پیرانشاردا (نمونە جامعە آماری دانشآموزان) لە ٢٧٣ قوتابی هەتا ٥٣٠ قوتابی ئامارێک لە قوتابخانەکانی شاری پیرانشار بە بێ ئاماری گوندەکان، کە ئەگەر بەپێی ڕادەی دانیشتوانی شاری پیرانشار دەنەزر بگرین (دانیشتوانی شاری پیرانشار لە ساڵی ٧٥، ٧٣بۆ ٩٣ هەزار نفووسی هەبووە) بۆمان دەردەکەوێت لە هەر ١٣٣ قوتابیی ئەو بەشە لە ئاستێکی زۆردایە. ئەگەر پێوەری نێودەوڵەتی دەنەزەر بگرین لە هەموو دانیشتووانی ولات، بە هەموو قووتابیان زیهن کوێر (عقب ماندە ذهنی _ دیرآموز و تیزهوش ) لە ٠.٪ تێناپەڕێت.

پرسیارەکان: مەبەستی سیستمی ئاخووندی چییە؟ و هۆکارەکانی چین؟

١- ونکردن و داپۆشینی ئەو ئامارانە لە نەتەوە یەکگرتووەکان (واتا یوونیسێف) کە دەبێ ولامدەر بێت و بۆچی ئەم ڕادە وا لە زۆربووندایە؟

٢- چ بنەما و فاکتۆریک بووەتە هۆی ئەم مەسەلە؟ ئایا ژینگەییە، یان تەغزیە و خۆراکە، یان بەکارهینانی کەلوپەلی نیزامی و شەڕی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتییە؟

٣- هەروها بۆچی بەرپرسیارەتی خۆی لەو بەشەدا ڕوون ناکاتەوە، قووتابخانەی پێوستیان بۆ درووست ناکات؟

بەرێزان، مامۆستایانی باری پەروردە، مرۆڤدۆستانی جیهانی (یوونیسف) و دایک و بابان، لە چل ساڵەی ڕێژیمی ئاخووندیدا مایەی شەرمە کە ڕێژیمی ئاخووندی لە تەمەنی هاتنەسەرکاری خۆی بە هەموو شێواز توانیویەتی پەروردە و بارهێنان و ژیانی دانیشتوانی خۆی وەبەر دڕندەترین و وەحشیانەترین ئامانج داوە هەر وەک کورد دەڵێت: "بناغەی لەسەر خۆڵەمێش داندراوە. بۆ خۆی لێرە و کلکی لە بەغدایە توزێ دەکات".

# گۆڕانکاری لە ساختاری کۆماری ئیسلامی ئێران



**نەوید کەرەمی**

عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی ئێران، لەم ڕۆژانەدا باس و خواستی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاری لە ساختار و یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانی هێناوەتە بەرباس و بەرپرسانی ولاتەکەی ڕاسپاردووە کە هەتا ٤ مانگی داهاتوو ئەو کارە جێبەجێ بکەن.

لەو بارەوە عەلی لاریجانی سەرۆکی مەجلیسی ڕێژیم حەوتووی ڕابردوو لە کۆبوونەوەیەکی ئیداریدا، وێڕای باس کردن لەو بڕیارەی ڕێبەری ڕێژیم، یەکڕیزی و یەکدەنگی بەرپرسان و وەلانانی کێشە و ململانێ ناوخۆییەکانی، بە ئەسڵێکی گرینگ لە ڕاستای جێبەجێ کردنی ئەو گۆڕانکارییانە زانیوە.

گۆڕانکاری لە یاسای بنەڕەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرەو یاسایەکی دێموکراتیک و سەردەمیانە کە ولامدەری هەموو داخوازی و کێشە و گرفتەکانی خەڵک و هەموو نەتەوەکانی ئێران بێت، ئامانج و هیوای هەموو ئازادیخوازان و گۆڕانخوازانی ئێرانییە، بەلام پرسیار ئەمەیە کە ئاخۆ مەبەستی خامنەیی لە گۆڕان لە ساختار و یاسای بنەڕەتی ولات ئەویش لە کەمترین ماوەدا، چییە؟ ناوبراو ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی و پاش مردنی خومەینی لە لایەن مەجلیسی خوبرەگان وەکوو ڕێبەری ڕێژیم دیاری کرا، هەتاکوو ئێستا چ وەک کەسی یەکەمی ئەو ڕێژیمە و هەروەها ڕێبەری ئایینی بەشێکی زۆر لە شیعەکان، هەموو یاسا و بڕیارەکانی بۆخۆی قۆرغ کردوون و حکوومەت، هێزە چەکدارەکان، بەسیج و ملیشیاکانی سەر بە سپای پاسدارانی چ لە ناوخۆی ئێران یاخود لە دەرەوەڕا، ڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانی ئەودان و بە بڕیاری ناوبراو هەڵدەسووڕێن.

پاش نیزیک بە سێ دەیە، لە سێبەری دەسەلاتداری ناوبراودا خەڵک و ولاتی ئێران ساڵ بە ساڵ، زیاتر و زیاتر تووشی نەهامەتی و ماڵوێرانی بوون، تەناهی ولاتانی دوور و نزیک بە هۆی بڕیارە ئاژاوەگێڕانەکان و دەستێوەردانەکانی لەو ولاتانە تێک چووە و خەڵکانێکی زۆر بوونەتە قووربانی زێدەخوازیی و بڕیارە نارەواکانی، چوار دەیەیە کە لەژێر سێبەری ئەو ساختارە و ئەو یاسا بنەڕەتییە خەڵکی ئێران و بە تایبەت نەتەوەکانی کورد، عەرەب، بەلووچ، ئازەری و ...، و جیابیران و سیاسییان ئازار و ئەشکەنجە دەدرێن و مافەکانیان پێشێل کراون، بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە و بە تایبەت عەلی خامنەیی هیچ کات تەنیا بۆ چرکەساتێکیش بیریان لەوە نەکردووە کە بڕیار و یاساکانیان پێویستیان بە گۆڕانکاری هەیە، بەلام ئێستا چ ڕووی داوە یان چ ڕوودەدات کە ئەو پرسە ئەوەندە لای کەسی یەکەمی ئەو ڕێژیمە گرینگ بووەتەوە کە دەیهەوێت تەنیا لە ماوەی ٤ مانگدا ساختاری ولات و یاسای بنەڕەتی ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت. نە کاریگەری گەمارۆکان و ترس لە تەریکترکەوتنەوە، نە دارمانی ئابووریی ولات و بەتالانبرانی سەرمایەکان لە لایەن بەرپرسان و کەسە نزیکەکانیانەوە، نە قووڵتربوونەوەی قەیرانە یەک لە دوای یەکەکان لە ئێران و خراپتربوونی باری گوزەرانی خەڵک و نە بێزاری نێونەتەوەیی لە دەست سیاسەت و دەستێوەردانە شەڕئەنگێزانەکانی ئێران لە ولاتانی ناوچە، هیچیان نابنە هۆکاری ڕاستەقینەی ئەو بڕیارەی عەلی خامنەیی، بەلام بێگومانم لەوەیکە مەبەستی ناوبراو لەو گۆڕانکارییە لە ساختار و یاسای بنەڕەتی ولات، کارئاسانی و ڕێگاخۆشکردنە بۆ ئەوەی کە موجتەبای کوڕی وەکوو ڕێبەری ڕێژیم دەستنیشان و بناسێنێت پێش لەوەی بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە ژیان بکات.

لە ڕاستیدا ترسی خامنەیی لە لایەکەوە کێشمەکێش و شەڕی دەسەلاتە پاش مردنی خۆی و لە لایەکی دیکەشەوە ترسی ئەوەی هەیە کە بنەماڵەکەی پاش خۆی بە چارەنووسی بنەماڵەی خومەینی و ڕەفسنجانی بڕۆن و هەموو شتێک لەدەست بدەن، هەر بۆیە هێزموونی خۆی بۆ کۆنترۆڵ کردن و هەروەها دەستوپەیوەندییەکانی بۆ سازماندان و دەستەبەندی ئەو ئاڵوگۆڕانە هەتا جێبەجێکردنی ئەو پیلانەش مەرجی بێئەملاو ئەولایە، هەتاکوو ویلایەتی بنەماڵەکەی بەسەر ئێراندا مسۆگەر و هەتاهەتایی بکات و سسلسەی خامنەیی بنیات بنێت.

جەهانبەخش خۆشهەیکەل

# کۆنگرە، دەرگای دیالۆگ بو ئەو ڕێکخراوانەی کە دان بە مافی نەتەوەکاندا دەنێن، هەموو کات ئاوەڵا بووە.



نووسینگەی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ ڕێکەوتی ٢٦ی ژانویەی ٢٠١٩ی زایینی سەبارەت بە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نێوخۆ و دەرەوەی ئێران و هەروەها ستراتێژیی هەنووکەیی کۆنگرە و بەتایبەت سیاسەتی کۆنگرە سەبارەت بە یەککرتووییە سیاسییەکان لە خەبات دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لە کۆڵنی ئاڵمان بەبەشداری هەموو ڕێبەرانی حیزبەکانی ئەندامی کۆنگرە بەڕێوە برد.
سەبارەت بە چەند و چۆنی ئەم دانیشتنە و بڕیار و ڕاسپاردەکانی، وتووێژێکمان لەگەڵ بەڕێز "جەهانبەخش خۆشهەیکەل" بەرپرسی دەبیرخانەی کۆنگرە پێکهێناوە کە لێرەدا دەخرێتە بەر دیدی ئێوەی بەڕێز:

وتووێژ: شەماڵ تەرغیبی

**١. ڕێکەوتی ٢٦ی ژانویەی ئەمساڵ کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە کە تێیدا باسی لە دانیشتنێکی بەپەلە و تایبەت کرابوو؛ لە ڕاگەیەندراوەکەدا وەک ئیشارەی پێکراوە ڕووداوەکانی ئێران ڕۆژەڤی باسەکان بوون؛ تکایە لەمبارەوە برێک شیکاری زیاترمان پێ بدەن؟**

پێشەکی زۆر سپاستان دەکەم. بەر لەوەی بچمە سەر وڵامی پرسیارەکانتان، پێم خۆشە سەبارەت بە چۆنیەتیی دامەزران و هەروەها هۆی پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بە کورتی ئاماژە بەوە بکەم کە هەر ڕێکخراوێکی سیاسی یان تەشەکولیك بە هۆی پێویستییەك پێك دێت. کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵیش بە هۆی ئەوە پێک هات کە تا ئەو کاتە نەتەوەکانی ناو جوغرافیای ئێران بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان هەر کامە بۆ خۆی و بە تەنیا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە بەربەرەکانێدا بوو.
ئەمە دەرفەتی بۆ ڕێژیم پێك هێنابوو کە بتوانێ خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکان لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە چەواشە بکات. هەر بۆیە، ڕێکخراوە سیاسییەکانی سەر بە نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران بۆ ئەوەیکە خەبات و تێکۆشانیان شوێندانەرییەکی زۆرتری هەبێت و بەهێزتر لە جاران لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیی ئێراندا درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن، بە دەسپێشخەریی هێندێک ڕێکخراوی سەر بە نەتەوەکانی ئێران لە ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی لە شاری لەندەن ئەو کۆنگرەیە دامەزرا.
کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ تا ئێستا تاکە هاوپەیمانییەک بووە کە توانیویە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەموو نەتەوەکانی بێبەش لە دەسەڵات لە ساحەی سیاسیی ئێراندا لە دەوری یەك کۆ بکاتەوە و بە یەکگرتوویی لەو کاتەوە تا ئێستا درێژەی بە کار و تێکۆشانی خۆی داوە.
لە وڵامی پرسیاری یەکەمدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە هەر وەك ئاگادارن کۆماری ئیسلامیی ئێران پێی ناوەتە ساڵانی دوایی تەمەنی خۆی. ڕووداوەکانی ئەم دواییە چ لە ناو ئێران و چ لە ناوچەدا بە تایبەت دوای هاتنەدەری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی و گەڕاندنەوەی گەمارۆ ئابوورییەکان لە لایەك و ڕق و قینی پەنگخواردووی گەلانی ئێران لە ئاکامی سەرکوتی دڕندانەی ئەو گەلانە لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە و هەروەها جموجۆڵی ئەم دواییانەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بە مەبەستی پێکهینانی یەکگرتوویی و دروستکردنی ئاڵترناتیڤ بۆ دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پێداگریی زۆربەی هێزە سیاسییەکان لەسەر ئەوە کە تەنیا ڕووخانی ڕێژیم و هەبوونی بەرنامەیەکی داڕێژراو بۆ داهاتووی ئێران لە سەر دیسانترالْ بوونی دەسەڵات، خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لەم هەموو قەیرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە ڕزگار دەکات، دانپێدانانی هێندێک ڕەوتی سەرانسەری و شکاندنی تابۆی فیدراڵیزم، وەخۆکەوتنی هێندێک هێز و لایەن بۆ دانانی بەرنامەی گونجاو بە مەبەستی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە داهاتووی ئێران بە بێ چارەسەری پرسی نەتەوەکان سەقامگیر نابێت، کۆمەڵێک پرس و بابەت بوون کە دوای ڕاوێژ و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکان، کۆنگرە بڕیاری دا بۆ شرۆڤەی زیاتری ئەم پرسانە و هێندێک پرسی دیکە و دانانی پلان و بەرنامەی داهاتوو بۆ ئەگەری ڕوودانی هەر چەشنە ڕووداوێك، کۆبوونەوەی نائاسایی لە ئاستی سەرەوەی هەموو ڕێکخراوەکانی ئەندامی کۆنگرەدا پێك بێنێ.

**٢. لە بەشێک لەم ڕاگەیەندراوەدا باس لەوە کراوە کە "پاش تاوتوێ کردنی باس و بابەتەکانی و وتووێژ سەبارەت بە ستراتێژیی هەنووکەیی کۆنگرە و بەتایبەت سیاسەتی کۆنگرە سەبارەت بە یەکگرتوویە سیاسییەکان لە خەبات دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا گەیشتە ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنە"؛ مەبەست لە ڕێککەوتنی هەمەلایەنە چییە؟ مەگەر پێشتر ڕێککەوتنێکی لەو چەشنە بوونی نەبوو؟**

هەر ڕێکخراویك بو ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی خۆی هەم ئامانجی ستراتژیکی هەیە و هەم تاکتیکی بە پێی پێشهاتەکان کە پێش دێن. کۆنگرە هەمیشە و هەموو کاتێک لە نێو خۆیدا لە سەر ستراتژی بە تەواوی تەبا و هاوڕا بووە. هەر بۆیە لەو بارەوە وەکوو ئوسوولی بنەڕەتیی کۆنگرە، دەرگای دیالۆگ بو ئەو ڕێکخراوانەی کە دان بە مافی نەتەوەکاندا دەنێن، هەموو کات ئاوەڵا بووە. ئەحزاب و ڕێکخراوەکانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بە پێی پێڕەوی ناوخۆی ئەحزاب، لەوەدا کە لەگەڵ کامە حیزب یان سازمان دەتوانن ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەن، سەربەخۆیی خۆیان پاراستووە. لە کۆبوونەوەی ئاماژەپێکراودا بە پێی هەلومەرج هێندێک بڕیاری گشتی بە سەرنجدان بە وردەکارییەکان دران.

**٣. بەرنامەی دواترتان چی دەبێت؟ بەسەرنجدان بەوەیکە لە ڕاگەیەندراوەکەدا وتووتانە "سیاسەتی کۆنگرە سەبارەت بە یەکگرتوویە سیاسییەکان لە خەبات دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا گەیشتە ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنە". بەرنامەی کاریتان بۆ هەلومەرجی ئێستە ئێران و دواڕۆژی ئێران چی دەبێ؟**

بەرنامەی دواتر کە لەم پرسیارەدا هاتووە، دیاریکردنی بەرنامە و پلان بۆ داهاتوو و دانانی کۆمیتە کارییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەرچی زیاتری کۆماری ئیسلامیی ئێران و دابەشکردنی ئەرکە نێوخۆییەکانی کۆنگرە لە سەر بنەمای پێڕەوی ناوخۆی کۆنگرە دەبێت.
بەرنامەی کاری کۆنگرە بۆ داهاتوو بریتییە لە نزیکبوونەوە لەو بەشەی ئۆپۆزیسیۆن کە خۆیان بە سەرانسەری ناو دەبەن، بە پێی ئەو خاڵانەی کە لەم کۆبوونەوە نائاساییەدا لە سەری ڕێك کەوتوین و هەروەها گەیشتن بە پلاتفۆرمێکە کە بەو پێیە ئۆپۆزیسیۆن بتوانێ تەواوی وزەی خوی بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگا جۆراوجۆرەکانەوە بخاتە کار و هەروەها بە ئەزموون وەرگرتن لەو هێزانەی کە بە شێوەیەکیتر لە بەربەرەکانێدان، هەرچی زیاتر خۆی بۆ قۆناغەکانی داهاتووی خەبات ئامادە بکات.

**٤. لە ڕاگەیەندراوەکەدا باستان لە قووڵتربوونەوەی زیاتری قەیرانەکان لە نیوخۆی ئێران کردووە. ئایا کۆنگرە پێی وایە کە ئەم قەیرانانە لە داهاتوویەکی نیزیکدا دەبێتە هۆی کۆتایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی؟**

بە سەرنجدان بە ڕووداوەکانی ڕابردوو و هەروەها بارودۆخی ناوچە و وڵاتانی دراوسێی ئێران و دەستێوەردانی ئێران و یارمەتی گەیاندنی بە هێزە بناژۆخوازەکان و بوونی لە سووریە و یەمەن و هەروەها هێندێک فاکتەری دیکە کە کاردانەوەی توندی کۆمەڵگای جیهانی و گەلانی ناوچەکەی لێ کەوتۆتەوە و هەروەها دۆخی نێوخۆیی ئێران، دەکرێ بڵێین ڕێژیم تووشی سەرلێشێواوی و قەیرانێکی قووڵ هاتووە کە زەحمەتە بتوانێ خۆی لێ دەرباز بکات. هەر بۆیە دیمەنی داهاتوو بۆ ئەو ڕێژیمە ملهوڕ و کۆنەپەرستە ئێستا تاریکتر لە جاران دەبینرێت و بەپێچەوانەوە، ئاسۆی سەرکەوتنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ستەملێکراوی ئێران ڕوونتر و نزیکتر دێتە پێش چاو.

**٥. کۆنگرە لە ماوەی ڕابردوودا سەبارەت بە دۆخی سیاسی ئێران و بەتایبەت ڕەوتی سەرکووتی سیستماتیکی گەلانی ئێران چەندە کاری کردووە؟ بەو مانایە کە چەندە هەوڵی داوە کە لایەنە بیانییەکان و یەک لەوان یەکیەتی ئورووپا لەمبارەوە وشیار بکاتەوە؟ ئەگەر کراوە وڵامی ئەوان چی بووە؟**

کۆنگرە لە ماوەی ڕابردوودا، لە ڕێگەی بەشی پێوەندییەکانیەوە، سەبارەت بە دۆخی سیاسیی ئێران و بەتایبەتی ڕەوتی سەرکوتی سیستماتیکی گەلانی ئێران توانیویەتی سەرنجی هێندێک کۆڕ و کۆمەڵی بیانی بۆ گۆشار خستنە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕابکێشێت.
هەر لەو پێوەندییەدا دەتوانین ئاماژە بە کۆبوونەوەی کۆنگرە لە پارلمانی ئورووپا بکەین کە ئەو کۆبوونەوەیە بە ئامادەبوونی نوێنەری ناتۆ و هەروەها نوێنەرانی یەکیەتیی ئورووپا گیرا و لە کۆبوونەوەکەدا بە وردی تیشك خرایە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە شێوەی سیستماتیك مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکات و لە سەرکوت و گرتنی چالاکانی نەتەوەکانی ئێران بەردەوامە.
لە وەڵا مدا ئە وان پێیان وایە لە کاناڵە دیپلۆماتیکەکاندا هەوڵ دەدرێ کە ئەو پێشێل کردنانە باس بکرێن و وەکوو کارنامەی ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆیانە و لە کاتی خۆیدا کەڵکی لێوەربگیرێت.



**بوونی حیزبی دێموکرات، وەک حیزبێکی نەتەوەیی جێ قامکی دیارە بۆ ئەوەیکە زمانی دایکی نەسڕێتەوە**

لە ٧ی نۆوامبری ١٩٩٩ی زایینیدا ڕێکخراوی یونێسکۆ بەمەبەستی پارێزگاری کردن و یارمەتیدان بە مانەوەی جۆراوجۆرییە زمانی و فەرهەنگییەکان، ڕۆژی ٢١ی فێبریەی، کە بەرامبەرە لەگەڵ ٢ و ٣ی ڕەشەمە، وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی ناساند.
دۆخی زمانی کوردی لە ئێستەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟ گرینگی پرسی زمان لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا چییە؟ کۆسپەکانی بەردەم گەشەکردنی زمانی کوردی لە چیدان؟ ئەمانە و چەند پرسیارێکی دیکەمان ئاراستەی بەڕێز «بێهزاد قادری» پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات کردووە کە بۆخۆیان ماوەیەکی دوور و درێژ، وەک چالاکی فەرهەنگی لە نێوخۆی کوردستان ئەرکی وانەبێژی زمانی کوردییان لە ئەستۆ بووە و خاوەنی دوو کۆمەڵەچیرۆکی کوردین بە ناوەکانی «شاوەتی جنۆکە» و «نێچیری وەرزەکان».

وتووێژ: کوردستان

**١-زمان لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا چ ڕۆڵێکی هەیە؟**

نەتەوە کۆمەڵە خەڵکێکە کە لە ڕەوتی مێژوودا پەیدا بووە و سەقامگیر بووە. کۆمەڵە خەڵکیك کە تەنیا پاش قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەکردن و پێگەیشتندا دەبێتە نەتەوە. فاکتەرەکانی نەتەوە بریتین لە: خاکی هاوبەش، فەرهەنگی هاوبەش، ئابووریی هاوبەش، زمانی هاوبەش، هەست وسۆزی هاوبەش. بۆیە گرینگی زمان دێتە ئاراوە و لە فاکتەرە گرینگەکانی پێناسەکردنی نەتەوەیە.

**٢-زمانی کوردی خاوەن دوو ڕێنووسی ئارامی و لاتینییە، بەڕای ئێوە دوو ڕێنووس لە زمانێکدا نابێتە هۆکاری گەشەنەکردن یان کەمتر گەشەکردنی ئەو زمانە؟**

تا شوێنێک من ئاگادار بم، لە جیهاندا هیچ زمانێک نییە کە بە دوو ڕێنووس بۆ نووسینی کەڵکی وەربگیرێت. لە هەنووکەیشدا ئێمە پێویستمان بە ڕێنووسێکی ئیستاندارد و یەکگرتووی کوردی هەیە تا لە هەموو بەشەکانی کوردستان کەڵکی لێوەربگیرێت، بۆیە بوونی دوو ڕێنووس هەڵەیە و لە هەنووکەدا کەڵکوەرگرتن لە ڕێنووسی ئارامی، باشترین بژاردەیە، چونکە هەم لە باشووری کوردستان بووە بە ڕێنووسی فەرمی و هەم زۆرینەی کتێبەکانمان بەم ڕێنووسەیە و زۆر هۆکاری تریش هەن کە دەتوانن پێداچوونەوەی بۆبکەن.

**٣-چەندین زمانی خاوەن مێژوو وەک سۆمەری، فریگی، سانسکریتی و... بە هۆکاری ئاسمیلە بوون هۆکاری تر سڕدراونەتەوە، زمانی کوردی وێڕای ئاسمیلە و هەوڵدانە سە ر سو و ڕ هێنە ر ە کا نی داگیرکەران، هۆکاری چییە لە سڕینەوەیدا سەرکەوتوو نەبوون؟**

بە بۆچوونی من، چەندین هۆکاری سەرەکی بوونی هەیە، کە لێرە ئاماژە بە چەند خاڵ دەکەم:
ئا- دەوڵەمەندبوونی زمانی کوردی لەبواری بەرفراوانیی زاراوە و بن زاراوە و هەروەها بازنەی بەربڵاوی وشە، یەکێکە لە هۆکارەکان.
ب- قووڵی هەستی نەتەوایەتی لە نێو کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕ، هۆیەکی کاریگەری ترە.
پ-بوونی ئەنجومەنە خەڵکییەکان و چالاکییان لە بواری زمان و کەلتووری کوردی، لەم ساڵانەدا بەڕاستی کاریگەر و ئەرێنی بووە.
د-بوونی حیزبی دێموکرات، وەک حیزبێکی نەتەوەیی کە بۆ مافی نەتەوەیی گەلی کورد خەبات دەکات، لە درێژایی ئەم ٧٠ و چەند ساڵەدا، زۆر کاریگەر بووە و بە دڵنیاییەوە جێ قامکی بە جوانی دیارە. و...

**٤-زمانی کوردي لە قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵات ڕێگە پێنەدراوە، ئەمە لەلای تۆ بە چ واتایەکە؟**

بێبەش کردنی مندالآن لە زمانی دایکی لە ڕاستیدا دایک کوژییە و ئەمە کردەوەیەکی دژە مرۆڤانەیە و تاوانێکی گەورەیە.

**٥-زمانناسەکانی کورد، شرۆڤە وشیکاری جۆراوجۆریان بۆ زمانی کوردی کردووە، بۆچی نەیانتوانیوە بە یەکگرتوویی پێناسەیەکی یەکرەن لە زمانەکەمان بکەن؟**

کورد تا ئێستا نەیتوانیوە بگات بە کیانی سەربەخۆی خۆی و نەبوونی دەوڵەتێکی کورد، دەتوانێت هۆکاری سەرەکی بێت. هەروەها نەبوونی فەرهەنگستانێک کە ئەو یەکگرتووییە دروست بکات، دەتوانێت کەلێنێک بێت. هەروەها فرەچەشنی لە بواری سیاسی، ئایینی و زاراوەیی، دەتوانێت کاریگەریی نەرێنی ببێت.

**٦-لە ئاستی جیهاندا، چۆن سەیری گرینگیی زمانی دایکی دەکەن؟**

بەپێی وتەکانی ڕێکخراوەی جیهانیی یۆنیسکۆ، هەرتاکێکی کۆمەڵگا کە نەتوانێت بە زمانی دایکی خۆی بخوێنێت و بنووسێت، نەخوێندەوار دێتە ئەژمار.

# پووچانەوەی تەمەن

به ساڵ چل و هەزاران ڕۆژ
خەزانـەی بەنرخی تەمەنمان،
تەمەن تەمەن پووچانەوە
به دەستی دزانی ژیانمان !
شـەماڵەی گوڵچرای ئەوینمان
مۆم لەسەر مۆم کوژانەوە
به ڕەشەبای شـەوەزەنگی تەنگی "ئەوین"
سـەوزەگیای پێکەنین و بزەی چرۆی هیواکانمان
پێشێلی پۆتینی پیرەپاشای پاییزە بیرن!
شەپۆلی ڕەشۆڵەی ژنان و پیاوانم
وەک تیمی فووتباڵـی ئەهریمەن
هەموو یەکدەست، ماتەم پۆش و تاریک ڕەنگن
ڕوباتی گەڕۆکـی بێدەنگن!
نە ڕەنگی سوور، بزەی ئەدا لە چاوی شار
نە هەڵفڕینی کۆی هاوار،
دەیبزوێنێ هێزی نووسـتووی هەناوی شار...



ڕەحیم لوقمانی

# گەنداو

لـــە
بیـــری کورتـــی گەل
گەرچی نەماوە
گەنداوی ئەم گۆڕاوە بەد ڕژاوە
گەڕای گەندەڵ گەلی خستۆتە زاڵە
لەشی کۆمەڵ لە جومگەی دابڕاوە
درۆ و تاوان، دزی و تاڵان و کوشتن
کراسێکە بە باڵامان بڕاوە
هەتا زۆردار دەکا زۆربار و سەربار
گەلی بێ بار بتر ڕام و ڕەتاوە
لـــە دابی ژینی ئەمڕۆ هەر نییە داد
گرانی و بێ بەشـــی و بێدەنگی باوە
کە نانت جوو بەجێ دە ربەســـتی مانی
ژیان مەرگە، ئەگەر بڕوای نەماوە !

ڕەحیم لوقمانی

# چنگاڵی جەجاڵ

مەمرەو مەژییە چل ساڵە ژیان
لەگەڵ ئەمانە چەن تاڵە ژیان
لە تاوی ژانی ئەو هەموو دەردە
لێم بۆتە کەکرە لەم ماڵە ژیان
ئاساری کەڵپەی لەجەستەم زۆرن
هەردەڵێی کۆنە گەماڵە ژیان
نێو چاوی دەڵێی هەوری تەرزەیە
نەمدیوە بڵێن: ساماڵە ژیان
هەر لەتەی چاڵێك بۆتە مەسکەنی
بە دەس ڕەشەبا شیتاڵە ژیان
مەلێکی کوێری کەنەفتە لێرە
بێ دەس ولاق وبێ باڵە ژیان
جێی لێژە لێرە ئەویش وەك ئێمە
بەدوای ژینەوە عەوداڵە ژیان
بۆ ئێمە سرك و تۆڕو ڕەویوە
بۆ زاڵم دەڵێی ئاواڵە ژیان
ناوێرم دەمێ بەرم بۆ لێوی



لێم بۆتە کەمڕەو تەباڵە ژیان
دەست و پێی گیرەو لێوی دووراوە
دیلی چنگای جەجاڵە ژیان
بڕفێن بڕفێنە بۆ مانەوەی وا
هەی سەگی تیڕی لەم حاڵە ژیان
هەتا ئەمانە ئاودێری ژین بن
لەم وڵاتەدا محاڵە ژیان
بگرەو بکوژە، ببڕەو بخۆیە
زاڵم هێند زاڵە زەواڵە ژیان
هەتاسەر قافڵە گەمژەو نەزان بێ
هەر بەرەو قوڕ و نێو چاڵە ژیان
تا ئەمانە بن خوار و دزێوە
هەرکە نەمێنن شەپاڵە ژیان.
ڕەشماڵێك دیارە لەکەلی ئاوات
بتوانی خۆشە لەو یاڵە ژیان
ڕۆژێك هەردەچمە شاری ئارەزوو
قەت ناڵێم خەون وخەیاڵە ژیان

قادرعەلیخا

KURDISTAN
Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No:744 19 Feb. 2019
ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

# ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەیخاتە بەر دیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان.

**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ٩٧ هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە بریتییە لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران دەکات، لە خۆ دەگرێت.**

هێمایەک لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە دوو حەوتووی ڕابردوودا:





### دەسبەسەر کردن، زیندانی، بانگهێشت، بڕینەوەی حوکم و ناڕوونی چارەنووسی هاووڵاتییان

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕۆژی دووشەممە ١٥ی ڕێبەندان، "ئارام زەندی"، چالاکی کرێکاری خەڵکی شاری سنە، لە لایەن قەرارگای فەرماندەیی هێزە ئینتزامییەکان لەو شارە بانگهێشت کرا. لەو پەیوەندییەدا، لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، چوار مامۆستای کورد بە ناوەکانی "سووهەیلا سەعیدی، مامۆستای زمانی عەرەبی، حەمید ئاریانا، مامۆستای زمانی ئینگلیسی، ئەسعەد ئەولیایی بەڕێوەبەری نووسینگەی کۆمەڵایەتی و عەتا ئیسفەندیاری مامۆستای وێژەیی زمانی فارسی"، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری دیواندەرە کران.

ڕۆژی چوارشەممە ١٧ی ڕێبەندان، سێ هاووڵاتیی کورد، خەڵکی شاری پیرانشار بە ناوەکانی "باپیرە بەرزە، ئەحمەد قەلاتەڕەشی و سلێمان محەممەدنژاد"، بە تۆمەتی "هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیونی حکوومەتی ئێران" لە لایەن لقی ١٠٢ی دادگای کەیفەری ٢ی شاری پیرانشار بە ٢٥ مانگ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.

ڕۆژی دووشەممە ١٥ی ڕێبەندان، چالاکێکی کرێکاری کورد بە ناوی "ئومید ئەسەدی"، بانگهێشتی لقی دووی پرسکەر و دادسەرای گشتیی و ئینقلابی شاری کامیاران کرا.

ڕۆژی سێشەممە ١٦ی ڕێبەندان، لاوێکی کورد بە ناوی"موحسن ئەدوایی" خەڵکی گوندی "سلێن" سەر بە بەخشی هەورامانی سەوڵاوا و دانیشتووی شاری مەریوان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەریوان گوێزرایەوە.

ڕۆژی چوارشەممە ١٧ی ڕێبەندان، لاوێکی کورد بە ناوی "ئاروین ئیقباڵی"، تەمەن ٢٢ ساڵ، کوڕی هوشیار خەڵکی شاری پاوە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.

ڕۆژی چوارشەممە، ١٧ی ڕێبەندان، مامۆستایەکی ئایینیی کورد، بە ناوی "مامۆستا عیسا ئازەری" پێشنوێژی گوندی "کورانە" سەر بە ناوچەی سۆمای برادۆستی ورمێ، لە لایەن سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کراوە. هەروەها هاووڵاتییەک بەناوی "مەنسوور فەرەجزادە"، تەمەن ٢٩ ساڵ، کوڕی ڕەجەب، لە لایەن دادگای شاری قووچانەوە، بە پێنج مانگ زیندان مەحکووم کراوە.

ڕۆژی دووشەممە، ١٥ی ڕێبەندان، دوو زیندانیی سیاسیی کورد بە ناوەکانی " هووشمەند عەلیپوور" خەڵکی سەردەشت و "محەممەد ئوستاد قادر" خەڵکی سەقز بە هەبوونی پارێزەرەکەیان "علی ساکنی" لە لقی ٢ی بازپۆرسیی سنەدا، تۆمەتە وەپاڵدراوەکەیان بۆ ڕوون کرایەوە.

مەسعود شەمسنژاد، پارێزەری کوردی خەڵکی شاری ورمێ بە تۆمەتی "پڕۆپاگاندە دژی نیزام و هەوڵدان دژی تەناهی نەتەوەیی" لە لایەن لقی ٣ی دادگایی ئینقلابی ئەو شارە بە ٦ ساڵ زیندان مەحکووم کراوە.

ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، دوو لاوی کورد، بە ناوەکانی "سەلاح ڕەعنایی و حەمید بێهجەتی"، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراون.

ڕۆژی دووشەممە، ٢٢ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "محەممەد سەلیمی" تەمەن ٣١ ساڵ، کوڕی جەلال، لە بەخشی سیروان سەر بە شاری سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار گواستراوەتەوە. ڕۆژی سێشەممە، ٢٣ی ڕێبەندان، چالاکێکی ژینگەپارێزی، خەڵکی شاری کامیاران، بە ناوی "سیروان قوربانی"، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

### کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران:

ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ١٤ی ڕێبەندان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "غەفوور حەمزەعەزیز" تەمەن ٤٧ ساڵ خەڵکی شاری پیرانشار بە هۆی تەقینەوەی مین لاقێکی لە دەست دا.

ڕۆژی سێشەممە ١٦ی ڕێبەندان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "ئارمان فەلاحی" خەڵکی شاری بانە، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری "نەنۆڕ" بریندار کرا.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، کۆمەڵێک کۆڵبەری کورد لە ناوچەی "بێتووش"ـی سەردەشت، کەوتوونەتە کەمینی هێزە حکوومەتییەکان و لە ئاکامی تەقەی ئەم هێزەدا، کۆڵبەرێکی کورد، بە ناوی "سامان بەخشی"، تەمەن ٣٥ ساڵ ، کوڕی سەلیم بە توندی بریندار بووە.

### خۆکوژی هاووڵاتییان:

ڕۆژی یەکشەممە ٢١ی ڕێبەندان، ژنە هاووڵاتییەکی دانیشتووی شاری سنە بە ناوی "لەیلا (نازەنین) حوسێن پەناهی" لە لایەن مێردەکەیەوە لە پارکی منداڵی ئەو شارە، کوژرا.

ڕۆژی شەممە ٢٠ی ڕێبەندان، مێرمنداڵێکی کورد بە ناوی "دانیال شێخەپوور" کوڕی کەماڵ خەڵکی سەردەشت خۆی کوشتووە.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ی ڕێبەندان، سەربازێکی بۆکانی بە ناوی "عوسمان (ئەمیر) خزری" کوڕی محەممەد لە پادگانی ئەرتەشی مەراغە لە ڕێگەی خۆکوژییەوە گیانی لە دەستداوە.

### گیان لە دەستدانی کرێکاران:

ڕۆژی هەینی ١٩ی ڕێبەندان، کرێکارێکی لاو بە ناو " محەممەدڕەزا سادقیان"، تەمەن ٢٢ ساڵ، خێزاندار و خەڵکی گوندی "نەی بەند" سەر بە شاری قوروە لە کانگای "ساری گوونی" گیانی لەدەست دا.